دیمۆکراسی
بۆ ئێران

# کوردستان


خودموختاری
بۆ کوردستان

١١ی بانەمەڕی ١٣٨٠
١ی مای ٢٠٠١

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە: ٣٠٩
١٠٠ تمەن


# ڕزگاریی کوردستان و بەختیاریی کوردان ئامانجی ١٠٣ ساڵەی کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی


-١-
کردستان
١٣١٥
عنوان
پاشا زاده
مقداد مدحت
لاو بدرخان پاشا
مقداد مدحت بکی
کردلری ایقاظ وتحصیل صنایعه تشویق ایدن غزته



ڕۆژی ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ ڕووناکبیرو نیشتمانپەروەری مەزنی کورد"مقداد مدحت بدرخان" بە دەرکردنی "کردستان" یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، بەردی بناغەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی دانا. ئەو نەمرە نەریتێکی نوێی هێنایە نێو ژیانی سیاسیو فەرهەنگیی نەتەوەکەیو ئامرازێکی ئەمرۆییو شارستانیی دایە دەستی ڕووناکبیرانی نیشتمانپەروەری کورد. "مقداد مدحت بدرخان" بە دامەزراندنی بەردی بناغەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی ڕێگایەکی کاریگەری تازەی بۆ بەرەو پێش بردنی ویستو ئامانجە پیرۆزەکانی نەتەوەکەمان کە بەختیاریی کوردو ڕزگاریی کوردستان لە بندەستیو گەیشتن بە کاروانی میللەتانی ئازاد بوو، پێشانی ڕۆڵە وشیارەکانی ئەو نەتەوەیە دا.

کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لەوساوە بەڕێوەیەو بێ پسانەوە هەورازو لێژان دەبڕێ، ئەو کاروانە لەگەڵ ئەوەش دا کە بەردەوام کەندو کۆسپی گەورەو چەتەو ڕێگری لە سەر ڕێ بووەو، نەیارانی هەموو کات پیلانیان بۆ گێڕاوەو بۆ سەیان بۆ ناوەتەوە، لە ڕۆیشتن نەوەستاوەو پەیامو ڕاسپاردەی سەر قافڵەو پێشەنگانی خۆی، بە ئەمانەتەوە گەیاندۆتە ڕۆڵە وشیارو تێگەیشتووەکانی نەتەوەکەمان لە سەدەو هەزارەیەکی نوێدا.

لە ١٠٣ ساڵەی وەڕێ کەوتنی ئەو کاروانەدا، چەپک چەپک گوڵو ڕیحانەی لە سەر ڕێی دادەنێنو بەرامبەر بە زەحمەتو شەونخوونیی یەکەیەکەی کاروانییە بە هەڵوێستو ئازادیخوازەکان دا ڕێوشوێنی قەدرزانیو ئەمەگناسی بەجێ دێنینو هیواداری دەردەبڕین:

ئامانجو خولیای لەمێژینەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی کە ڕزگاریو پێشکەوتنو بەختیاریی نەتەوەی کوردە، لە هەموو بەشەکانی کوردستان بێتە دیو لە سێبەری ئازادییو ئاشتیدا، کاروانی ڕۆژنامەنووسیمان، ئازارو هیلاکیی دەیان ساڵ ژیانی نهێنی، دوورە وڵاتیو بندەستیو ژێر چەپۆکی، بە یەکجاری لە لەش دەرکاو وەک ڕۆژنامەنووسیی میللەتانی ئازادو بەختیار، بە سەربەستیو دوور لە سەرکوتو سانسۆر، ئەرکەکانی خۆی بە جێ بگەیەنێ. ❀

## لەبارەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا

چاوپێکەوتنێک لەگەڵ مامۆستا هێمداد حوسێن ٥

## ئەمڕۆی ڕۆژنامەنووسیی کوردی

لە وتووێژ لەگەڵ هاوڕێ قادر وریادا ٢

## لەم ژمارەیەدا


✔ مەحکوومییەتی دووبارەی کۆماری ئیسلامی لە لایەن کومیسیونی مافی مرۆڤەوە ........ ٩
✔ فێربوونی خوێندنەوەو نووسین بە زمانی کوردی هەنگاوێکی شایانی ڕێزلێنان ........ ١١


## دەورێکی تازە لە سەرکوت لە ئێران دا

**ڕەوەز**

لە کۆتاییەکانی ساڵی ڕابردووەوە بە نزیک بوونەوەی کاتی هەڵبژاردنی سەرکۆماری کە بڕیارە ڕۆژی ١٨ی جوزەردانی داهاتوو بەڕێوە بچێ، قۆڵی پاوانخوازی دەسەڵاتدار، بە بەربڵاوتر کردنی سیاسەتو کردەوە سەرکوتکەرانەکانی خۆی، بە کردەوە قوتاغێکی نوێی سەرکوتو کوشتو بڕی جیابیران، ئازادیخوازانو کەسایەتییە سیاسییە سەربەخۆو ڕیفۆرمخوازەکانی دەست پێ کردوە. ٨

## سەرنجێك لە وەزعی کرێکارانی ئێران

**ع. بەهرامی**

کرێکارانو زەحمەتکێشان ئەو بەشە لە توێژەکانی کۆمەڵی ئێمە پێك دێنن کە سەرەڕای زەحمەتو ماندوویی زۆرو خەباتی دوورودرێژیان بۆ لابردنی ئەو زوڵمو ستەمانەی لێیان کراوەو لە پێناوی پێکهێنانی هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتیی ئەوتۆ کە لەودا لە ژیانێکی شیاوی مرۆڤی ئەم سەردەمە بەهرەمەند بن، هەروا لە ژێر ستەم دان. ٧

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

# ئەمڕۆی ڕۆژنامەنووسیی کوردی

## لە وتووێژ لە گەڵ هاوڕێ قادر وریادا



**خوێنەرانی بەڕێز!**

**٢٢ی ئاوریل (٢ی بانەمەڕ) ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردی‌یە. ئەم یادە دەرەتانێکە بۆ تاوتوێو هەڵسەنگاندنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی‌و ڕێز گرتن لە سەرقافڵەکان‌و ڕێرەوانی ئەم کاروانە مەزنە. "کوردستان"یش وەک سوننەتی لە مێژینەی خۆی هەر ساڵە بە پێی توانا پێشوازی لەم یادە دەکا. هەر لەم ڕوانگەیەوە بە پێویستمان زانی بۆ تیشک خستنە سەر چەند لایەنێکی ڕۆژنامەنووسیی کوردی وتووێژێک لەگەڵ بەڕێز کاک قادر وریا ئەندامی لەمێژینەی دەستەی نووسەرانی "کوردستان" پێک بێنین:**

**"کورستان": کاک قادر! با بەم پرسیارە سەری باسەکەمان بکەینەوە: تا چ ڕادەیەک لە گەڵ ئەو بیرورایەدای کە ڕۆژنامەنووسیی کوردی بە هۆی ئەم ئاڵوگۆڕانەی ناوچەکەی گرتۆتەوە، لە هەموو بارێکەوە خەریکی تاقیکردنەوەی قوناغێکی نوێ‌یە؟**

**قادر وریا:** بەر لە هەموو شتێک حەز دەکەم بە بۆنەی ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردی‌و تێپەڕینی ١٠٣ ساڵ لە تەمەنی پڕشانازیی کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، لە بەرامبەر پێشەنگی ئەو کاروانە، "مقداد مدحت بدرخان"ی نەمردا سەری ڕێز دانەوێنم‌و هەزاران سڵاو بۆ ئەوو هەموو ڕێبوارانی بەوەج‌و بە وەفای ڕێگاو ڕێبازە پیرۆزەکەی بنێرم.

هەر لەو دەرفەتە کەڵک وەردەگرم‌و لە قووڵایی دڵمەوە پیرۆزبایی لە هاوڕێیان‌و هاوکارانم لە دەستەی نووسەران‌و کارگێرانی "کوردستان" دەکەم‌و بە نوێنەرایەتی لە لایەن ئەوانیشەوە پیرۆزبایی‌و ماندوونەبوونی لە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەم‌و سەرکەوتنیان لە خزمەت بە ڕۆژنامەنووسیی کوردی‌و بەرەوپێش بردن‌و جێبەجێ کردنی مەبەستە پیرۆزەکانی ئەو ئەرک‌و پیشە گرنگەدا بە ئاوات دەخوازم.

لە وەڵامی پرسیارەکەتان دا دەبێ بڵێم: ڕاستە کە ڕۆژنامەنووسیی کوردی‌و ڕۆژنامەنووسانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان‌و لە دەرەوەی کوردستانیش بە بەراورد لە گەڵ دەیەیەک لەمەوبەر، لە بارودۆخێکی نوێ دا تێکۆشان‌و هەڵسووڕانیان هەیە، بەڵام پێم وانیە گۆرانکاری‌یەکان لە هەموو بەشەکان وەک یەکە، یا هەلومەرج‌و وەزعێکی وەک یەک لە هەموو بەشەکان دا هەیە. بۆ وێنە ناتوانین بڵێین لە سووریە ڕۆژنامەنووسیی کوردیمان هەیە. چونکە لە جێ‌دا کوردەکان لە سووریە ئیجازەی نووسین بە کوردی‌و بڵاوکردنەوەی گۆڤارو ڕۆژنامە بە زمانی کوردی‌یان نیە. لە تورکیەو کوردستانی تورکیەش دیارە لە مێژە ڕووناکبیران‌و ڕۆژنامەنووسانی کورد هەوڵیان داوەو هەوڵ دەدەن گۆڤارو بڵاوکراوە دەربکەن‌و دەنگوباس‌و مەسەلەکانی پێوەندیدار بە کوردو کوردستانیان تێدا بێننەگۆڕ. بۆ ئەم مەبەستەش لە چوارچێوەی قانوونی وڵاتەکەشیان دا هەنگاویان ناوە. دیارە بە زمانی تورکی نەک کوردی، چونکە بەداخەوە هەتا ئێستاش ئەو مافەیان پێ ڕەوا نەبینراوە کە بە زمانی کوردی ڕۆژنامە دەربکەن‌و لەو بارەوە هەروا لەگەڵ کەندو کۆسپ بەرەوروون. دەمێنێتەوە ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە کوردستانی عێراق، لە کوردستانی ئێران‌و لە دەرەوەی کوردستان، کە دیارە ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە دەرەوەی وڵات باسێکی جیا هەڵدەگرێ. بە بڕوای من ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە کوردستانی عێراق هەم بە بەراورد لە گەڵ ڕابردووی خۆی، هەم لە چاو ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، وەزعێکی بە تەواوی جیاوازی هەیە. ڕەنگە بۆ ڕۆژنامەنووسیی کوردی لەو بەشەدا زۆر دروست‌و لە جێی خۆی دابێ کە بڵێین "خەریکی تاقیکردنەوەی قۆناغێکی بەتەواوی نوێ‌یە".

☯ **دەکرێ بڵێی تایبەتمەندی‌یەکانی ئەم قوناغە چین‌و لە سەریەک ڕۆژنامەنووسیی کوردی لەو بەشە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

✍ ئەو قوناغە کە لە ساڵی ١٩٩١ەوە، واتە لەو کاتەوە کە حکوومەتی عێراق کاربەدەستان‌و کارمەندان‌و سوپاو دەزگای ئیداریی خۆی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی عێراق کێشایەوەو بە کردەوە بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانە کەوتە دەست حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان، دەست پێ‌دەکاو تا ئێستا درێژەی هەیە. تایبەتمەندی‌یەکان زۆرن کە من دەتوانم تەنیا ئیشارە بە هێندێکیان بکەم:

□ لە باری چەندی‌یەوە: پێش ئەو قوناغە یەک ڕۆژنامەو چەند گۆڤار (نزیک بە پێنج گۆڤار) دەردەچوون. ئێستا سێ ڕۆژنامەی ڕۆژانە، نزیک بە ١٠ ڕۆژنامەی حەوتووانە، دەیان گۆڤاری حەوتووانە، دوو حەوتوو جارێک، مانگانە، وەرزی‌و ناوبەناو لە بواری جۆراوجۆردا (سیاسی، فیکری، هونەری، کۆمەڵایەتی، زانستی، وەرزشی‌و گشتی) دەردەچن. زۆر لە توێژەکانی کۆمەڵ گۆڤارو بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆیان بە زمانی کوردی هەیە، بۆ وێنە منداڵان، لاوان، ژنان، قوتابیان، خوێندکاران‌و. . .

□ لە باری هەلومەرجی چاپ‌و بڵاوبوونەوە: جگە لەوەی هیچ بەربەستێک نیە بۆ هەر کەسێک بیهەوێ گۆڤارو ڕۆژنامە دەربکا، ئیمکاناتێکی زۆر بۆ چاپ‌و بڵاوکردنەوە هەیە. هیچ گۆڤارو ڕۆژنامەیەک لە سەر چاپخانە پەکی ناکەوێ، کامپیوتێرو ئامێری نوێ بە شێوەیەکی زۆرو زەوەند هەیە. ڕۆژنامەنووسانی کورد لە وڵاتەکەی خۆیان‌و بە ئازادی، دەستیان بە ئێنترنێت ڕادەگاو لە کاری خۆیان دا سوودی لێ وەردەگرن.

□ پێشتر ڕۆژنامەنووسانی کورد لەو بەشەو لە ڕاستی دا لە هیچ بەشێکی کوردستان سەندیکا یا یەکیەتی‌یەکی تایبەت بە خۆیان نەبوو، یاسای چاپەمەنیی تایبەت بە ڕۆژنامەنووس‌و تێکۆشانی ڕۆژنامەنووسان نەبوو. دیارە ئێستاش لە بەشەکانی دیکە، یاسایەک جگە لەو یاسایەی دەسەڵاتی ناوەندی دایناوە، نیە. بەڵام هەمووی ئەوانە ئێستا وەک دەسکەوت، وەک ئەزموونێکی نوێ لە کوردستانی عێراق هەن.

□ لە گەڵ ئەوەی زۆربەی ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی لە کوردستان بڵاودەبنەوە لە لایەن حیزب‌و ڕێکخراوەکان‌و بە تایبەتی بە پشتیوانی‌و هاوکاریی ماددیی دوو دەسەڵاتی ناوچەیی پێکهاتوو لە لایەن دوو هێزی سەرەکیی کوردستان، دەردەچن، بەڵام هەم لە سەر لاپەرەی ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانە، ڕۆژنامەنووس ئازادی‌یەکی بەرچاوی لە زۆر بواردا بۆ دەربڕینی بیروڕا هەیە، هەم گۆڤارو بڵاوکراوەی سەربەخۆش هەن کە ڕەخنە لە ئیدارەو ناوەندەکانی بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵک‌و ناوچە دەگرن، دیارە بەڕەچاوکردنی هێندێک بەرژەوەندو بە پارێزەوە.

←

□ له‌و ١٠ ساڵه‌ی رابردوودا، هه‌م نه‌سلێکی تازه هاتوونه مه‌یدانی رۆژنامه‌نووسی‌و له‌و مه‌یدانه‌دا بوون به خاوه‌ن ناوو جێ‌په‌نجه‌یان دیاره، هه‌م زۆر بابه‌ت‌و مه‌سه‌له‌ی تازه به‌و هۆیه‌وه که هه‌لومه‌رجێکی له‌باری سیاسی‌و گشتی‌یه‌وه تازه، له‌و به‌شه‌دا هاتۆته کایه‌وه رووبه‌ری رۆژنامه‌کانیان داگرتوه‌و له سه‌ریان ده‌نووسرێ.

به کورتی رۆژنامه‌نووسیی کوردی له‌و به‌شه‌ی کوردستان دا هه‌لومه‌رجێکی زۆر باشی بۆ به‌ره‌وپێشچوون‌و گه‌شه کردن‌و خزمه‌ت به خوێنه‌ری کورد بۆ پێك هاتوه‌و له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی بێ‌که‌م‌و کووڕی نیه، من به سه‌رده‌مێکی زێڕین‌و پڕشنگداری رۆژنامه‌نووسیی کوردی داده‌نێم.

**☯ هه‌روه‌ك ده‌زانن وه‌زعییه‌تی چاپ‌و بڵاوکردنه‌وه‌ی رۆژنامه‌و گۆڤاری کوردی له کوردستانی ئێرانیش گۆڕانی به‌رچاوی تێدا پێك هاتوه، ئه‌م گۆڕانکاری‌یانه چۆن ده‌بینن‌و به بڕوای جه‌نابت ئه‌رکه‌کانی رۆژنامه‌نووسانی کوردستانی ئێران کامانه‌ن؟**

✍ بارودۆخ له کوردستانی ئێرانیش له پێوه‌ندی له گه‌ڵ رۆژنامه‌نووسی‌و چاپ‌و بڵاوکردنه‌وه به زمانی کوردی دا له چاو ١٥ ـ١٠ ساڵی رابردوو، ئاڵوگۆڕی به‌سه‌ردا هاتوه. بۆ وێنه ئه‌گه‌ر جاران ته‌نیا گۆڤاری "سروه" ئیجازه‌ی بڵاوبوونه‌وه‌ی هه‌بوو، ئێستا دوو حه‌وتوونامه‌ی "ئاویه‌ر"و "سیروان" ( نیوه کوردی‌و نیوه فارسی)و چه‌ند گۆڤارو بڵاوکراوه‌ی کوردی ده‌رده‌چن. ژماره‌یه‌ك له ئه‌نجومه‌نه ئه‌ده‌بی‌یه‌کانی شاره‌کانیش بڵاوکراوه‌ی خۆیان هه‌یه. جگه له‌مانه‌ش له هێندێك له زانستگه‌کانی ئێران، خوێندکارانی کورد به زه‌حمه‌تێکی زۆرو ئیمکاناتێکی یه‌کجار که‌مه‌وه گۆڤارو نامیلکه ده‌رده‌که‌ن، به‌و حاڵه‌ش من ئیجازه به خۆم ناده‌م ناوی "ئاڵوگۆڕی به‌رچاو" له سه‌ر ئه‌و وه‌زعه دابنێم‌و ئه‌گه‌ر به‌راستی ئه‌و ئاڵوگۆڕانه به‌رچاویش بن ـ که نین ـ نابێ ـ وه‌ك هێندێك که‌س‌و لایه‌ن هه‌وڵ ده‌ده‌ن ـ به نیشانه‌ی دڵسۆزی‌و باشیی کۆماری ئیسلامی به‌رامبه‌ر به گه‌لی کورد له قه‌ڵه‌م بدرێن. به دوو هۆی زۆر روون،ئاڵوگۆڕه‌کان نه‌به‌رچاون، نه نیشانه‌ی دێمۆکرات بوون‌و کورددۆستیی کۆماری ئیسلامی:

یه‌که‌م، ئه‌وه‌نده گۆڤارو نامیلکه‌یه که به زمانی کوردی ده‌رده‌چن، به سه‌رنجدان به حه‌شیمه‌تی کورد له کوردستانی ئێران‌و سه‌رانسه‌ری وڵات‌و به‌وه‌به‌رچاوگرتنی جۆراوجۆری (تنوع)ی ئه‌و حه‌شیمه‌ته له باری ته‌مه‌ن، خوێنده‌واری، "جنسیت"، ویست‌و عه‌لاقه‌و نیازو . . .ه‌وه، هه‌م له باری تیراژه‌وه، هه‌م له باری نێوه‌ڕۆکه‌وه، به هیچ جۆر وه‌ڵامده‌ر نین. له حاڵێك دا ده‌وروبه‌ری ١٠ میلیون کورد له ئێران دا ده‌ژین، هێشتا رۆژنامه‌یه‌کی رۆژانه‌یان نیه؛ ژنان، منداڵان، لاوان‌و زۆر توێژو به‌شی دیکه‌ی کۆمه‌ڵ گۆڤارو بڵاوکراوه‌ی تایبه‌ت به خۆیان نیه.

دووهه‌م، زۆر له‌و بڵاوکراوه کوردی‌یانه، رووناکبیران‌و نووسه‌رانی کورد به هه‌وڵ‌و هیممه‌ت‌و به ئیمکاناتی ماڵیی خۆیان‌و به هه‌زار زه‌حمه‌ت ده‌ریان ده‌که‌ن‌و ده‌زگا پێوه‌ندیداره‌کانی کۆماری ئیسلامی جگه له دانی ئیجازه‌ی بڵاوبوونه‌وه‌یان، هیچ کارێکی دیکه‌یان بۆ نه‌کردوون. ئه‌وان نه‌ك هه‌ر هاوکاری‌یان نه‌کردوون به‌ڵکوو به شێوه‌ی جۆراوجۆر گیروگرفتیشیان بۆ دروست کردوون. ئه‌وه‌ش به جێگای خۆی که له هێندێك له شاره‌کان، داوای ئه‌نجومه‌نه‌کان، نووسه‌ران‌و رۆژنامه‌نووسانیان به تایبه‌تی له ئوستانی ئازه‌ربایجانی رۆژئاوا له باره‌ی ئیجازه‌ی ده‌رکردنی گۆڤارو حه‌وتوونامه به زمانی کوردی، جاری وایه بۆ ماوه‌ی چه‌ند ساڵ بێ وه‌ڵام هێشتوونه‌ته‌وه‌و پشتگوێیان خستوون.

له راستی دا کۆماری ئیسلامی که ئه‌وه‌نده ئیجازه‌یه‌شی به بوونی چاپه‌مه‌نی‌و رۆژنامه‌نووسیی کوردی له کوردستانی ئێران داوه، وه‌نه‌بێ بۆخۆی له‌وباره‌وه رێخۆشکه‌ر بووبێ. به‌و هۆیه‌وه که له کوردستان جووڵانه‌وه‌یه‌کی به هێزی نه‌ته‌وایه‌تی هه‌یه، بۆ ئه‌وه‌ی خه‌ڵکه‌که‌و به تایبه‌تی رووناکبیران ـ له‌و جووڵانه‌وه‌یه ـ به خه‌یاڵی خۆی ـ دابڕێ‌و به هێندێك هه‌نگاوی فه‌رهه‌نگی چاویان بنووسێنێ، ئیجازه‌ی داوه چاپ‌و بڵاوکردنه‌وه به زمانی کوردی له سنوورو جوغزێکی دیاریکراودا هه‌بێ. جگه له‌وه‌ش ناکرێ له ته‌نیشت کوردستانی ئێران له کوردستانی عێراق ئه‌و هه‌موو رۆژنامه‌و گۆڤاره کوردی‌یه ده‌ربچن‌و ده‌یان رادیوو ته‌له‌ویزیون به زمانی کوردی هه‌بن، به‌ڵام له کوردستانی ئێران ئیجازه‌ی بڵاوبوونه‌وه‌ی چه‌ند گۆڤارێکی گشتی‌و فه‌رهه‌نگی به خه‌ڵکه‌که‌ی نه‌درێ، ئه‌ویش له لایه‌ن رێژیمێکه‌وه که به درۆ زۆری هه‌وڵ داوه خۆی وه‌ك دۆستی کورد له به‌شه‌کانی دیکه‌ی کوردستان بناسێنێ!

له باره‌ی ئه‌رکه‌کانیان له هه‌لومه‌رجی ئێستادا ده‌بێ بڵێم به خۆشی‌یه‌وه رووناکبیران‌و ئوگرانی کاری رۆژنامه‌نووسی زۆر به باشی هه‌ستیان به ئه‌رکه‌کانی سه‌رشانی خۆیان کردوه. هه‌ر ئه‌وه که تێ‌کۆشاون به هه‌ر زه‌حمه‌تێك هه‌یه ئیمتیازی ده‌رکردنی گۆڤار وه‌ده‌ست بێنن‌و هه‌وڵیان داوه له‌وه‌نده ده‌رفه‌ته بۆ بڵاوکردنه‌وه به زمانی کوردی که‌ڵك وه‌ربگرن‌و به قازانجی وشیارکردنه‌وه‌ی خوێنه‌ران‌و هێنانه گۆڕی گیروگرفته‌کانی خه‌ڵك‌و ده‌ربڕینی هێندێك له داخوازه‌کانیان به کاری بێنن، نیشانه‌ی وشیاری‌و ئه‌رکناسی‌یه، به‌و حاڵه‌ش هێندێك ئه‌رکی دیکه هه‌یه که پێویسته سه‌رنجی ئه‌وانیان بۆلا رابکێشین:

ـ به هیچ جۆر نابێ به‌وه‌نده ده‌ره‌تان‌و ئیمکانه‌ی هه‌یه، وازبێنن. سه‌ره‌کیترین مه‌رجه‌کانی کاری رۆژنامه‌نووسی، ئازادیی بیروڕا ده‌ربڕین‌و هه‌بوونی ئیمکاناتی پێویست بۆ ئه‌و کاره‌یه که رۆژنامه‌نووسانی کوردستانی ئێران به داخه‌وه له هه‌ردووکیان بێ‌به‌شن، هه‌ر بۆیه ده‌بێ به جیددی هه‌وڵی وه‌ده‌ستهێنانیان بده‌ن.

ـ هه‌وڵدان بۆ وه‌دیهێنانی هه‌رچه‌شنه ویست‌و داخوازێکی گرنگ بۆ ئه‌وه‌ی شوێنی خۆی دابنێ‌و بگاته ئاکامی دڵخواز، پێویسته یه‌کگرتووانه‌و شێلگیرانه بێ. با رۆژنامه‌نووسانی کورد له کوردستانی ئێران هه‌وڵ بده‌ن یه‌کیه‌تی‌و کۆمه‌ڵه‌ی تایبه‌ت به خۆیان هه‌بێ‌و به هاوده‌نگی‌و هاوهه‌نگاوی له گه‌ڵ یه‌کترو له رێگای راکێشانی پشتیوانیی رووناکبیرانی کوردستان، باشتر بتوانن ویست‌و داخوازه‌کانیان بێننه گۆڕێ.

ـ با له جیاتی کۆمه‌ڵێك هه‌وڵی جیاجیاو چه‌ندین گۆڤارو بڵاوکراوه‌ی که‌م ده‌ره‌تان، رۆژنامه‌یه‌کی رۆژانه‌و چه‌ند گۆڤاری پڕنێوه‌ڕۆك که بتوانن زۆربه‌ی رۆژنامه‌نووسان‌و نووسه‌ران له خۆیان کۆبکه‌نه‌وه، له تیراژێکی زیاتردا بڵاوبکه‌نه‌وه.

ـ هه‌تا ئێستا تا راده‌یه‌ك هه‌ول دراوه روانگه‌و بۆچوونه‌چه‌وته‌کان له باره‌ی گه‌لی کوردو کێشه‌که‌ی، له سه‌ر لاپه‌ڕه‌کانی حه‌وتوونامه‌و گۆڤاره کوردی‌یه‌کان به‌رپه‌رچ بدرێنه‌وه. با ئه‌و هه‌وڵه زیاترو به‌رچاوتر بێ‌و هه‌ر له‌و کاته‌دا هه‌وڵ بدرێ له گۆڤارو رۆژنامه فارسی‌یه‌کانی ئێرانیش بۆ هێنانه‌گۆڕی مه‌سه‌له‌ی نه‌ته‌وایه‌تی‌و داخوازه میللی‌یه‌کانی خه‌ڵکی کوردستان که‌ڵك وه‌ربگیرێ.

**☯ به‌ڕێز کاك قادر! ئه‌گه‌ر ئیزنت له سه‌ر بێ بچینه سه‌ر مه‌سه‌له‌یه‌کی دیکه‌ی پێوه‌ندیدار به رۆژنامه‌نووسیی کوردی. به بڕوای جه‌نابت نه‌خشی رۆژنامه‌و بڵاوکراوه‌کان له گه‌شه‌و په‌ل هاویشتنی زمان دا به چ شێوه‌یه‌که‌و به‌م پێیه رۆژنامه‌نووسیی کوردی له‌م باره‌یه‌و له چ ئاستێك دا ده‌بینی؟**

✍ گۆڤارو رۆژنامه‌کان له هه‌موو جێ‌یه‌ك نه‌ك هه‌ر له کوردستان ـ له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ زمانێك دا که ئه‌وانی پێ ده‌نووسرێ، ده‌توانن هه‌م به چاك هه‌م به خراپ نه‌خشیان هه‌بێ. به‌ستراوه‌ته‌وه به‌وه که ←

# کوردستان



گۆڤارو رۆژنامەکان یـا لـە راستـیدا بەڕێوەبـەرانو نووسـەرانی ئـەوان تـا چ رادەیـەك شـارەزای زمانەکـەیانو پابـەندی رێوشـوێنە دروسـتەکانی نووسین بە زمانەکەی خۆیانن.

ئـەوەندەی پێوەندیـی بـە رۆژنامەنووسـیی کوردیـیەوە هەیـە، هیـچ قسـەی تێـدا نیـە کـە خزمەتێکی یەکجار زۆری بەزمانی کوردی کردوەو لە راستیدا زمانی کوردی ـ پـەرەگرتنو بووژانـەوەی ـ قەرزداری رۆژنامەنووسیی میللەتەکەمانە. لە ماوەی ۱۰۳ ساڵ تەمـەنی رۆژنامەنووسیی کـوردیدا، زۆر جاران تاقە ئامرازێك کـە رووناکبـیرانو نووسـەرانی کـورد بـۆ پاراسـتنی زمانەکـەیانو نووسـینەوەی ئەدەبیاتی میللەتەکەیان، پەنایان بۆ بردوەو کەڵکیان لـێ وەرگرتوە، رۆژنامەو رۆژنامەنووسـی بـووە. لـە وەزعێك دا کـە لـە هـەموو یا زۆربـەی بەشـەکانی کوردستان دا خوێندنو مەدرەسەو چـاپی کتێـب بـە زمانی کوردی نەبووە، تەنانەت لـە هێندێـك شـوێن قسە کردنیـش بـە زمـانی کـوردی قەدەغـە بـووە، گۆڤارو رۆژنامە کوردیـیەکان فریای زمـانی کـوردی کـەوتوون و بـوون بـە قەڵایـەك بـۆ پاراسـتنیو قوتابخانەیـەك بـوون بـۆ فـێر بـوونو فـێر کردنـی خوێندنەوەو نووسینی ئەو زمانە بە ئۆگرانی.

بەڵام ئەگەر رۆژگارێك هەر رۆژنامەو گۆڤارێکی موعتەبـەری کـوردی، لـە بـاری فـێرکردنی زمـانی کـوردی بـە خوێنـەرانی، رێنوێـنو، مامۆسـتاو سەرچاوەیەکی دڵنیاو متمانە پێکراو بـوون، ئێسـتا لە لایەك لە بـەر زۆریـی ئـەو گۆڤـارو رۆژنامانـەی دەردەچنو لە لایەکی دیکە لە بـەر کەمتەرخـەمیی بەڕێوەبەرانی ئەوان، ئەو ئەرکە پیرۆزو گرنگە پشـت گوێ خراوە.

لـە بەشـێکی زۆر لـە گۆڤـارو رۆژنامـەکان دا گرنگیـیەکی ئـەوتۆ بـە رەچـاوکردنی رێنـووسو رێزمـانی دروسـتی کـوردی نـادرێو کەسـێك یـا کەسانێکی شـارەزا بـۆ پێـدا چوونـەوەی نووسـینو وەرگێردراوەکان لە باری زمانەوە تـەرخان نـەکراون. یەکێك لە ئاکامە زیانبارەکانی ئەو وەزعـە ئەوەیـە، جگە لەوەی نووسەر یا وەرگێری تازەکار بە عـەیبو کەموکووریی کاری خۆی نازانێو هـەروا لـە سـەری بەردەوام دەبێ، خوێنەرانیش یا بەو جـۆرە کوردیـیە رادێنو فێری دەبن، یا لە خوێندنەوەی رۆژنامە وەڕەز دەبن. لەو بارەوە بە بڕوای مـن زۆربـەی هـەرە زۆری گۆڤارو رۆژنامەکان جێگای رەخنەن. پێویسـتە هـەم بەڕێوەبەرانو بەرپرسانی ئەوان رێگا بەو بـێ سـەرەو بەرەییەو شێواندنی زمانی کوردی نەدەنو هـەرچی بڵاوی دەکەنەوە، لانی کەم دەبێ لـە بـاری زمانـەوە کۆنترۆلی بکەن، هەم دڵسۆزانو شـارەزایانی زمـانی کوردیو بواری وەرگێران دەبێ بایـەخێکی زیـاتر بـە رەخنـە و هەڵسـەنگاندن و دەستنیشـان کردنـی کەموکووریـیەکان بدەنو لە سەریان بنووسن.


**"کوردسـتان" ئورگـانی کومیتـەی ناوەندیی حیزب، ماوەیەك بوو خەریکی بیروڕا پرسـین لـە خوێنـەرانی بـوو. دەکـرێ بـۆ "خوێنـەران" روونـی بکەیـەوە کە ئاکامی ئـەم کارە بـە کوێ گەیشتوەو ئـەو بیروڕایانـە بـە چ شێوەیەك کاریان کردۆتە سەر "کوردستان"؟**

ئێمە لە چەند مـانگی رابـردوودا بەبۆنـەی دەرچوونی ژمـارە ۳۰۰ی "کوردسـتان" و تێپـەرینی ۳۰ سـاڵ لـە بـڵاو بوونـەوەی دەورەی ئێسـتای رۆژنامەکەمان (رێبـەندانی ۷۹ ـ ٤۹)، هـەوڵمان دا لە زۆر رێگاوە، بیروڕای خوێنـەرانو خـاوەن نـەزەران بەرامبـەر بـە "کوردسـتان" بپرسـین. هـەم بـۆ ژمارەیەکیبەرچاو لەو ئەدیبو نووسەرو ئـەو خـاوەن نەزەرانەی خوێنەری"کوردستان"ن، نامـەمان نـاردو داوای نووسینمان لەو پێوەندییەدا لـێ کـردن، هـەم سمینارێکی بەرینمان بـە بەشـداریی ژمارەیـەکی زۆر لـەهاوڕییانی حـیزبی پێـك هێنـاو گوێمـان بـۆ بیروراکانیان راگرت. دیارە بەشێك لـە بیروراکـان لـە "کوردستان" دا بلاو بوونەتەوە.

بە خۆشییەوە زۆر بـیروراو رەخنـەو پێشـنیارو تێبینیی جوانو بەکەڵکمان لـە بـواری جۆراوجـۆردا پێگەیشت. ئێمە هەوڵ دەدەین لە کـارو تێکۆشـانی لەمەودوامان دا ـ تا ئەو جێگایـەی بگونجـێ ـ ئـەو بیروڕایانـە وەبـەر چـاو بگریـنو بـە کـردەوەش بەشـێکیمان جێبـەجێ کـردوە. بـۆ وێنـە هێندێـك مەسەلە هەبوون"کوردستان" بە کەمی ئـاوڕی لـێ دەدانەوە، کە ئەو رەخنەیەمان وەبەرچاو گرتـوە. زۆر لە خوێنەران داوایان دەکرد"ئەدەبو هونەر" لەگـەڵ هەموو ژمارەکـانی "کوردسـتان" دا بـڵاو بێتـەوە، ئەویشمان جێبـەجێ کـردوە. هـەوڵمان داوەو هـەول دەدەیـن مـاوەی نێـوان دەرچوونـی دوو ژمـارەی "کوردسـتان" کـەمتر بکەینـەوە. ئـەو تایبەتمەندییانـەی"کوردسـتان"یش کـە بـە بڕوای خوێنەران گرنگو باشنو شیاوی رێز لـێگرتنن، لـە داهـاتووش دا تـێ دەکوشـین بیـان پـارێزین، ئـەو کەموکوورییانەش کە هەنو بۆ خۆشمان هەستیان پێ دەکـەین، هـەوڵ دەدەیـن کـەمتریان بکەینـەوە. داوایەکی بە جێیدیکە کە بـە تایبـەتی خوێنـەرانی "کوردستان" لە دەرەوەی وڵات هەیان بـوو، ئـەویش گـەیاندنی بـە وەختـی "کوردسـتان" بـەوانو دانـی هەرچی زووتری بە ئینترنێت بوو، تـا رادەیـەکی زۆر هاتۆتە دی. دیارە بە هۆی هەلومەرجی تێکۆشـانمان رەنگە بە داخەوە نەتوانین هـەموو چاوەڕوانییـەکانی خوێنەران جێبەجێ بکەین. بەڵام دڵنیام بە هاوکاریی خوێنەرانو دۆستانو دڵسۆزانی"کوردستان" دەتوانین چەند هەنگاوی دیکە بچینە پێشتر.

❀❀❀

"**کوردستان**"




**فریاد**

## سەرچاوەیەک لە بارەی رۆژنامەنووسیی کوردی لە کوردستانی ئێران

"کوردستان" کتێبێکی قەوارە مـام نـاوەندیی ١٤٤ لاپەرییە کە سـاڵی ۱۹۹۸ بـە بۆنـەی سـەد ساڵەی رۆژنامەنووسیی کـوردی، لـە سـەر ئـەرکی "وەزارەتـی رۆشـنبیریی حکوومـەتی هـەرێمی کوردستان ـ عێراق" لە هـەولێر چاپ بـووە. ئـەو کتێبە کە هاوڕێ "قادر وریا" بە نوێنەرایـەتیی لـە لایەن دەستەی نووسـەرانی "کوردسـتان" ئورگـانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتـی کوردسـتانی ئێرانەوە ئامادەی کردوەو پێشەکیی بـۆ نووسـیوە، بریتـییـە لـە کۆمـەڵێك وتووێژو وتـار لـە بـارەی رۆژنامەنووسیی کوردی بە گشتیو رۆژنامەنووسیی کوردی لە کوردستانی ئێران بە تایبەتی. ئەو کتێبە لە ئەسڵ دا نـاوی "۱۰۰ سـاڵەی رۆژنامەنووسـیی کـوردی" بـووە، بـەڵام لـە چاپخانـە لـە کـاتی ئامادەکردنی بەرگەکەیدا، لە ئاکـامی هەڵەیـەکی تیکنیکی دا ناوەکەی بووە بە "کوردستان".

بابەتەکانی "کوردستان" بریتین لە:

- پیشـەکییەك لـە ژێـر نـاوی "شـکۆدار بـێ جەژنی ۱۰۰ ساڵەی رۆژنامەنووسیی کوردی"
- "رۆژنامەنووسـیی کـوردی لـە کوردسـتانی ئیران خزمەتیکی زۆری بە بەرەوسـەر بردنـی رادەی ئاگـایی سیاسـیی تیکۆشـەرانی کـورد کـردوە". (وتوویژ لە گەڵ مامۆستا عبداللە حسن زادە)
- وتاریك لە ژێر ناوی "بە بۆنەی سەد سـاڵەی رۆژنامەنووسیی کوردییەوە" بە قەڵـەمی دوکتـور گولمراد مرادی
- "زمانی کوردیی کوردستانی ئیران رەوانـترو پاراوترە" (وتوویژ لەگەڵ دوکتور مارف خەزنەدار)
- "رۆژنامەی "کوردستان" بەشیکی زینـدووی میژووی رۆژنامەنووسیی کوردییـە" (چاوپیکـەوتن لەگەڵ مامۆستا مومتاز حەیدەری)
- دیداریـك لەگـەڵ مامۆسـتا سـەعید ناکـام سەرنووسـەری "کوردسـتان" زمانحـالی کۆمـاری کوردستان
- "چاپخانە چەکی کۆماری کوردستانو هوشیاریی کوردان"، بە قەڵەمی غازی حەسەن. ❀

# لەبارەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا

**ناوی مامۆستا هیمداد حوسێن لە مەیدانەکانی ڕۆژنامەنووسی، نووسین‌و وەرگێڕان‌و چیرۆکنووسی‌دا، بۆ زۆر لە خوێنەرانی کورد ناوێکی ئاشنایە. مامۆستا هیمداد ساڵی ١٩٦٤ لە هەولێر لەدایک بووە، لە سەرەتای هەشتاکانەوە پێی ناوەتە مەیدانی نووسین. ساڵی ١٩٨٦ بەشی کوردیی کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینی لە هەولێر تەواو کردوەو پاشان بڕوانامەی ماجستێری لە ڕۆژنامەنووسی‌دا لە کۆلیژی ئاداب وەرگرتوەو ئێستا تێزی دوکتوراکەی لەسەر ڕۆژنامەنووسیی سەردەمی کۆماری کوردستان تەواو کردوەو لە ماوەی چەند مانگی داهاتوودا بەرگری لە تێزەکەی دەکا. لە ١٠٣ ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی‌دا بەباشمان زانی وتووێژێکی لەپێوەندی لەگە بابەتی تێزەکەی (ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە سەردەمی کۆماری کوردستان)دا لەگەڵ پێک بێنین:**

**❍ هۆی چی بوو جەنابتان ڕۆژنامەنووسیی سەردەمی کۆماری کوردستانتان بۆ لێکۆڵینەوە هەڵ بژارد؟**

☜ ئەمن هەر لە زووەوە حەزم بە خوێندنەوەی مێژووی کورد دەکردو زۆریشم لە بابەت ئەو کۆمارە تەمەن کورتە خوێندبووەوە. ساڵانی دواتریش کە کەوتمە ناوکاری ڕۆژنامەنووسی، لە زۆر جێگەدا وەبەرچاوم دەکەوت کە ئەو سەردەمە بووژانەوەیەکی ڕۆشنبیری‌و ڕۆژنامەوانی لە سایەی ئەو کۆمارەدا پەرەی گرتوە. بەڵام بێ ئەوەی ئەو ڕۆژنامەو گۆوارانە لەبەر دەستان دا بن، یان لێکۆڵینەوەیان لەمەڕ کرابێت. بۆ خۆشم بە کەسایەتیی "پێشەوا قازی محەممەد"ەوە سەرسام بووم، گەیشتمە ئەو باوەڕەی لێکۆڵینەوە لە ئەدەب‌و ڕۆژنامەنووسیی کوردی بە بێ لێکۆڵینەوەی ئەدەب‌و ڕۆژنامەنووسیی ئەو سەردەمە ناکامڵ‌و ناچیز دەردەچێت.

**❍ ئایا جەنابتان لایەن یا بوارێکی تایبەت لە ڕۆژنامەنووسیی ئەو سەردەمە تەعقیب دەکەن یا سەرنج دەدەیە هەموو بوارو لایەنەکان؟**

☜ سروشتی لێکۆڵینەوەو تێزی ئاکادیمی وایە، ناکرێ هێندە فراوان بێت هەموو شتێ بگرێتەوە، بەڵکوو ڕووناکی دەخاتە سەر لایەنێك‌و لە ماوەیەکی دیاریکراوی زەمەنی‌و شوێنی دیاریکراودا. لە ماوەی ڕابردوودا زۆر کەس لە بارەی کۆماری کوردستان‌و بارودۆخی سیاسیی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە دوای جەنگی جیهانیی دووهەمەوە نووسیویانە، بەڵام وەکو سەرنجم دا ئەو نووسراوانە زیاتر لایەنی مێژوویی‌و ڕەوشی سەربازی‌و ڕۆڵی سۆڤیەت‌و وڵاتە زلهێزەکانی ئەو سەردەمەیان لە ڕوانگەی سیاسەتی ئەوێ ڕۆژێ ڕوون کردبۆوە، کەمتر دیراسەتی لایەنی ڕۆشنبیری‌و ڕۆژنامەوانی‌و بەرهەمی ئەدەبیی ئەو سەردەمەیان لەبەرچاو گرتبوو. ئەوەش لە جێی خۆی کە لە بۆچوون‌و نەزەردان دا پشتیان بە کۆمەڵێ سەرچاوەی ئەوتۆ بەستبوو، کە لە دوورەوە یان بە هەستێکی نەیارانەو ئێرانچیەتیەوە نووسرابوون. ئەمن پێم وایە نووسراوو بەرهەمی ئەدەبی‌و ڕۆژنامەوانیی ئەو سەردەمە بەڵگەو مەدرەکێکی زۆر بەهێزن بۆ دەرخستنی ڕووی ڕاستی مەسەلەکان‌و بەسەهوو نەچوونی لێکۆڵەران.

سەرەتای دامەزرانی کۆمەڵەی ژێ. کاف‌و پاشتر هاتنە کایەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان‌و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی جمهووریی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی پێشەوا قازی محەممەدو کۆتایی هاتنی کۆمار بە هاتنەوەی ئەرتەشی ئێران، لە هەموو ئەو ماوەیەدا بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئابووری‌و دێمۆکراسی‌و پەروەردەو فەرهەنگی‌و سەربازی . . . هێندە پڕ جموجۆڵن، هێندە گۆڕان بە سەر ژیانی خەلك دا هاتوە، دەکرێ هەر یەکێ لەو لایەنانە تیزی ئاکادیمیی لە بارەوە بنووسرێ، کە ئەمەش نیشانەی زیندوویی ئەو کۆمارەن، بۆیە ئەمن بە تەنیا لایەنی ئەدەبی‌و ڕۆژنامەوانیم وەرگرت‌و لیم کۆڵیوەتەوە.

زۆر لایەنی ڕۆژنامەنووسیی ئەو سەردەمەم لە ڕوانگەی هونەرەکانی ڕۆژنامەنووسی خستۆتە بەرباس. گەشەکردنی زمانی کوردی لە ڕووی زاراوەو بژارکردنی زمانی کوردی لە وشەی بیگانە، دارشتنی هەواڵ‌و ئاگاداری‌و نەخشەسازی‌و تیپەکانی چاپ‌و مانشیت‌و جۆری کاغەزو ستوونی تایبەتی‌و هونەری وتارو وەرگیران‌و ئەدەبیاتی منداڵان‌و خسڵەت‌و تایبەتمەندی‌یەکانی بە تایبەتی لە گۆڤاری "گروگالی منداڵانی کورد"دا بۆ یەکەم جار بوو لە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردستان دا بیر لەو هەنگاوە کرایەوەو دەستپێشخەرییەکی بێوینە بوو. ئەوجا پاشان دەوری ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە لە پێشخستنی ژانرە ئەدەبی‌یەکانی وەکو شیعرو پەخشان‌و ڕینوینیی ئەدیب‌و نووسەرانی ئەو سەردەمە لە زەمینە خۆش کردن بۆ ڕسکانی بەهرەی هونەرییان، ئەم مەسەلانە بە گوێرەی پێویست نەخرابوونە بەرباس، بە تایبەتی لە بواری ئەدەبی ڕۆژنامەنووسی دا.



**❍ دەکرێ کۆمەلیک لەو کەسایەتی‌یانە ناوبەری کە جێ پەنجەیان بە ڕۆژنامەنووسیی سەردەمی کۆماری کوردستانەوە دیارەو نەخشی کاریگەریان هەبوو؟**

☜ ئەمن پیم وایە، هەولی چاپەمەنی‌و بڵاوکراوەو ڕۆژنامەوانیی سەردەمی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان قەرزداری کۆمەلەی "ژێ. کاف"ە کە پیشتر بە دزی‌و نهینی‌یەوە لە تەوریزەوە بۆ سابڵاغێ‌و پاشان بۆ شارەکانی کوردستانی باشوور گۆڤاری "نیشتمان" یان ڕەوانە کردوە. کۆمەڵێ لەو نووسەرانەی گۆڤاری "نیشتمان"و لە "دیاریی کۆمەلەی ژێ. کاف بۆ لاوەکانی کورد"و یان مامۆستا هیمن گوتەنی ئەو پۆلە لاوەی ئەو سەردەمە لە ڕیگەی خویندنەوەو موتالاکردنی گۆڤارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە خۆیان پێگەیاندبوو بە هەولیکی سادەو خاکەڕایی‌یەوە ڕۆژنامەوانیی کۆماریان بەریوە دەبرد، بە تایبەتی لە سەرووی هەموویانەوە مامۆستا عولەما (عەبدولرەحمانی زەبیحی)و مامۆستایان "هیمن"و "هەژار"و "حەسەن قزلجی"و "سەید محەممەدی حەمیدی"و محەممەد شاپەسەندی"و "صدیق ئەنجیری‌ئازەر"و "مەلا قادری مودەریسی"و دلشاد ڕەسولی"و هیندێ لە ئەفسەرو ڕووناکبیری کوردی کوردستانی باشووریش، کە لە سەردەمی کۆماردا بۆ خزمەت‌و بەشداری لە کۆماردا بەشداری‌یان کردبوو، لە ڕووی پەروەردەو فیرکردن‌و کاری فەرهەنگی‌و ڕۆژنامەوانییش دا جێ پەنجەیان دیارە، وەکوو مامۆستایان سەعید ناکام‌و محەممەد توفیق وردی‌و عوسمان دانش‌و قانع‌و کەریم زەندو شەهید محەممەد قودسی‌و چەندانی دی.

**❍ شوینەواری ڕۆژنامەنووسیی سەردەمی کۆماری کوردستان لە سەر خەلکی کورد لە کوردستانی ئیران‌و لە سەر خەلکی بەشەکانی دیکەی کوردستان چۆن هەڵ دەسەنگینی؟**

☜ ڕۆژنامەنووسی بە شیوەیەکی گشتی لە هەر کۆمەلیك دا نیشانەی گۆڕانی باری هزری‌و فیکریی ئەو کۆمەلە دەنوینێ‌و ڕادەی پەرەسەندن‌و بەرەوژوور چوونی هوشیاریی ئەو کۆمەلەیە. خالی وەرچەرخانیکی تازەو هەنگاو هەلینانە بەرەو مەدەنیەت‌و ژیاری‌و وەستان‌و دوش دامان بۆ بیرکردنەوەو قبووڵ کردنی بەرامبەر. لە سەردەمی کۆمار، کۆمەلی کوردی، کە لە میژ سال بوو لە هەموو مافیکی سیاسی‌و ڕۆشنبیری لە ئیرانێ بێ بەری کرابوو، لە سایەی ڕیژیمی شادا هەموو ←

# کوردستان



ئاسەوارێکی کوردیی لەبەین دەبرا. دەبوو "کۆمار" ڕۆڵکی کاریگەر لە وشیار کردنەوەی خەڵك دا بگێڕێو باری ڕۆژنامەنووسیو "خیتابی مانەوە"و بەرگری لە خۆی لە ڕێگەی ڕۆژنامەنووسییەوە بۆ گەیاندنی پەیامی دەسەڵات بۆ جەماوەرو بەپێچەوانەوە لە ئەستۆ بگرێت. لاوە ڕۆشنبیرەکانی ئەو سەردەمە بە شێعرو ئەدەبیاتو پەرۆشیو تامەزرۆیی بۆ وشەی کوردیو نووسینی کوردی گۆش بکەن. خۆ دەبێ ئەوەش بڵێین کاری چاپەمەنیو ڕۆژنامەوانی ترسێکی بێوێنەی خستبووە دڵی ڕێژیمی ئێرانو بە سەرسوڕمانەوە ڕۆژنامە فارسییەکانی تارانێ باسیان لە ڕۆژنامەوانیی کوردستان کردوەو "تۆمابوا" لە سەر زاری ڕۆژنامەی "تهران امروز"دا دەگێڕێتەوە کە داوای کردوە بە ئاگرو ئاسن دەبێ دەمی ڕۆژنامەوانیی کورد بگیرێت. هەروا ڕۆژنامەوانیی ئەو سەردەمە سەرنجی بیانیەکانی ڕاکێشاوە، ئەوانەی لە مێژووی کۆماریان کۆڵیوەتەوە بە گەشانەوەیەکی بەرچاوی ناودەبەن. کە ڕۆژنامەی "کوردستان" (١٩٤٦) بڵاوکرایەوە بە سەدان پێپیرۆزەو کۆمەکی ماددی لە خەڵکی دەوڵەمەندەوە دەکرا وەکو نیشانەی خۆشەویستییان. تیراژی ئەو ڕۆژنامەو گۆوارانە کەم بوون، دەگەڵ هەندێش ژمارەکانیان دەگەیشتنە پارچەکانی دیکەی کوردستانیشو لە کوردستانی باشوور لە لایەن ڕووناکبیرانەوە دەخوێندرانەوەو بەشداریی ژمارەیەکی زۆری ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمەش بە ناردنی بابەتی ئەدەبی، ئەو پێوەندییە ڕووناکبیرییە دەنوێنێ.

**❍ ئایا جەنابتان خوێندنەوەو ڕوانینێکی نوێتان هەیە بۆ ڕۆژنامەنووسیو چاپەمەنیی ئەو کاتە؟**

☜ بۆ ئەوەی لە ڕووی ڕاستەقینەی باری چاپەمەنیو ڕۆژنامەنووسیی سەردەمی کۆمار تێبگەینو هەڵی سەنگێنین دەبێ لێی بکۆڵینەوەو بە شێوەیەکی ئەکادیمیو لە سەر بنەمایەکی زانستی لێی بدوێین. ئەم هەوڵەی من وەکو نامەیەکی ئاکادیمی بۆ باری ڕۆژنامەوانیو ئەدەبیی ئەو سەردەمە لە سەر ئەو ڕوانینەیە کە دەبێ جارێکی دی ئەو ڕۆژنامەو گۆوارانە چاپ بکرێنەوە، چونکە قۆناغێکی پڕ چالاکیی ئەدەبیو ڕۆژنامەوانیی کوردییە. ئەمن وای بۆدەچم لەو سەردەمەدا سانسۆر لە بڵاوکردنەوەو ئازادیی بیروڕادا نەبووە، بابەتە بڵاوکراوەکان لەوپەڕی مەزهەبییەوە بۆ ئەوپەڕی عیلمانیەتو بیری سوسیالیستیی تیا بەدی دەکرێ.

لە ڕووی ئیمکاناتی چاپیو کەرەسەکانی چاپ بۆ ئەو ڕۆژگارە سادەیە بە ڕوخسار، دەوڵەمەندە بە نێوەڕۆك لە فرە بابەتیو هەمەچەشنەییو تازەییو گەرماوگەرمیی هەواڵ، سەرباری ئەوەی ئەو ڕۆژنامەو گۆوارانە سەرچاوەی بنەڕەتیو بنجین بۆ چالاکییەکانی کۆمار لە هەموو ڕوویەکەوە.

**❍ ئەو هۆکارە نێوخۆییو دەرەکییانەی بوون بە هۆی پێکهێنانی زەمینەیەکی لەبار بۆ سەرهەڵدانو پەرەگرتنی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە سەردەمی کۆماردا، ناویان بەرە؟**

☜ گەلێ هۆکار ڕۆڵیان لە پێکهێنانی ئەو زەمینەیەدا بینی، لەو هۆکارە دەرەکییانەی لەبەرچاوانە، ڕۆڵی شووڕەویی ئەوێ ڕۆژێ لە پێشکەش کردنی ماشێنی چاپو لە ڕێگەی ڕابیتەی فەرهەنگیی سۆڤیەتی ـ ئازەری (کوردی)یەوە، هاوکاریی فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجانو گرێدانی چارەنووسی هەردوو میللەت لە سەرەتادا بە شێوەیەك، کە هەردووکیان سەرباری پەرەگرتنی بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە ناوچەکەداو فەراهەم بوونی بارودۆخێکی نێودەوڵەتیی ئەوتۆ کە ناوچەکەی لە نێوانیهەردوو زلهێزی شووڕەویو ئینگلیز لە باکوورو باشوور بە کراوەییو دوور لە سوپای ئەو زلهێزانە هێشتبووەوە، ئازادیو پێڕەوی گیانی دێمۆکراسی وەکو دروشمی دوای دووەمین جەنگی جیهانی لە ناوچەکەدا، هەموو ئەمانە لەو هۆکارە دەرەکییانە بوون. لە ناوەوەش، کەسیەتیی بەهێزو ڕووناکبیریی پێشەوا قازی محەممەد گەلێك لەبەرچاوانە، بەر لە دروست بوونی، کۆمار بۆخۆی خاوەن ڕۆشنبیرییەکی دەوڵەمەندی سەردەم بووو زمانزانیو شارەزایی لە ئەدەبیاتو باری ڕۆژنامەوانیی ئێرانو کوردستانی باشوورو ناوچەکەدا، هاندەرێکی گەورە بوو بۆ ئەوەی ئەو زەمینەیە بڕەخسێ. پێداویستیی ڕۆشنبیریو چالاکیی گەنجانی ڕووناکبیری ئەو سەردەمەش، کە هەندێکیان لە کوردستانی عێراقەوە گەڕابوونەوەو لە خوێندنو نووسینی کوردیدا شارەزاییان پەیدا کردبوو، هاوکاریو پشتیوانیی حیزبی "هیوا"ی کوردستانی عێراق لە ڕۆژانی چالاکیی ڕۆژنامەوانیی سەردەمی کۆمەڵەی "ژێ . کاف" و پاشتر هاوکاریی نووسەرانو شاعیرانو ئەدیبانی ئەو پارچەیەی کوردستان لە ساز بوونی ئەو زەمینەیەدا، شایستەی ئاماژە پێ کردنن.

**❍ لە بارەی سەرچاوەو دیکومێنت بۆ لێکۆڵینەوەکەت لەگەڵ چ گیرو گرفتو کەمو کووڕییەك بەرەو ڕوو بووی؟**

☜ لە سەرەتادا کە ئەو بابەتەم بۆ لێکۆڵینەوە هەڵ بژارد، سەرپەرشتیاری تێزەکەم، پرۆفیسور دوکتور عیزەدین مستەفا ڕەسووڵو تا ڕادەیەك خۆیشم دوو دڵ بووم لەوەی، کە تۆ بڵێی ژمارەکانی ئەو ڕۆژنامەو گۆوارانەم دەست بکەویت؟! لە لایەکی دیکەشەوە زۆر دەمێك بوو حەزم دەکرد لەم بارەیەوە تۆژینەوە بکەم، چونکە بە شێوەیەکی فراوانو ئەکادیمی ئەو لایەنە لێی نەکۆڵراوەتەوە. دوایێ، بە هاوکاریی برای بەڕێز جەلیل گادانیو د.مارف خەزنەدارو مومتاز حەیدەریو ڕەفیق ساڵحو مەحموود زامدارو چەندان برادەری دی، کە ئەرشیفو کتێبخانەی تایبەتیی خۆیان بۆ ئاوەڵا کردم، ئەگەر ئەوان نەبوونایە هەرگیز کارەکەی من سەر نەدەکەوت. گیرو گرفتێکی تر زەحمەتی پێوەندیکردن بە سیاسەتمەدارو ڕووناکبیرانی دەرەوەی وڵات بوو، کە نەدەکرا کتێبو گۆڤارو چەندین دۆکۆمینتی دی بە فاکس یان بە شێوازی تر وەربگیرێت. هەروەها دابین نەکردنی خەرجی سەفەر بۆ ئێرانو دەست ڕانەگەیشتن بە هەندێ سەرچاوەی بیانی کە بە زمانەکانی ڕۆژئاوایی لە زانکۆو سەنتەرە زانستییەکانی ئەورووپا بڵاوکراونەتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو گیرو گرفتانەیش هەوڵم داوە ئەوەندەی دەکرێ بێ کەمو کورتی دەربچێتو پێشم وایە ئەو کارەی من دڵۆپی دەریایەکە.

**❍ ڕەوتی ڕۆژنامە نووسیی کوردی لە کوردستانی ئێران لە هەلومەرجی ئێستادا چۆن هەڵ دەسەنگێنیو چ پێشکەوتنو کەمو کووڕییەکی تێدا بەدی دەکەی؟**

☜ لە دوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانێ، بە هۆی گۆڕانی بارودۆخی سیاسیو بۆ لە بەر چاو گرتنی بارودۆخی سیاسیو بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردایەتی لە ئێرانێ، ڕێگەی هەندێ سەنتەری ڕۆشنبیری و کۆڕو کۆمەڵی ڕوناکبیری دراون کە کۆڕ بگرنو سمیناری ڕۆشنبیری لە بارەی زمانو ئەدەبیاتی کوردییەوە پێشکێش بکەن. هەندێکیان چالاکیی ڕۆژنامەوانییان هەیەو گۆڤارو بڵاو کراوە دەردەکەن. سەرەتای ئەو کارانە بە گۆڤاری "سروە"ی مامۆستا "هێمن"ەوە دەست پێ دەکاو پاشان گۆڤارەکانی "ئاوێنە"و "ئاویەر"و "زرێبار"و "ڕوانگە"و . . . هتد. ئەم گرووپانە کاری چاك دەکەن، ئەگەرچی لە زۆربەی کات دا بە هەوڵو هیمەتی خۆیانو بە پووڵی خۆیان لە پێناوی بەرزکردنەوەی هەستو هۆشی نەتەوەییو ڕوشنبیریی میللەتەکەمان لە کوردستانی ئێرانێ تێدەکۆشن، بێ ئەوەی دەوڵەت کۆمەکیان بکات. خوێندکارانی کورد لە زانکۆکان کۆدەبنەوەو کاری ڕۆژنامەوانی جێبەجێ دەکەن، مایەی دڵخۆشییە، بەڵام کەمتر بە ناخی کێشە سیاسییەکان دا دەچنو جارێ "سانسور"و "ترس و سام"بە ڕوخساری ئەو ڕۆژنامەو بڵاو کراوانەوە دیارن، کە هەندێکیان لە ڕووی کەرەستەی چاپەوە مۆدێرن دیارن، بەڵام بە ناوەرۆك کەم بایەختر.

**❍ بۆ ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی ئێران، کە لە نێو خۆی کوردستانو ئێران یان لە دەرەوەی زێدو نیشتمانەکەیان خەریکی کاری ڕۆژنامە نووسین، لە ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردی دا چ وتە یا پەیامێکتان هەیە؟**

☜ دەستخۆشی و ڕێزو تەقدیرم بۆ هەموو ئەو قەڵەمە شۆڕشگێڕو خێرخوازو دێموکراسیخوازانەی لە پێناوی ئاشتیو برایەتیو تەباییدا قەڵەمەکانیان خستۆتە کار؛ ئەو قەڵەمە ڕۆژنامەنووسییانەی لە دەرەوەی نیشتمان و زێدی خۆیان، لە تاراوگە خەمی ڕۆژنامەنووسیو وشەی ڕاچەنیوی کوردییان لە دڵدایەو شەوو ڕۆژ بە دیار پەڕە کاغەزو بۆنی مەرەکەبو کەرەستەی چاپەوە دەبەنە سەر. ڕێزم بۆ یەکەیەکەی برایانی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران هەیە، بۆ ئەرکو ماندوو بوونیان، بۆ خەباتی شۆڕشگیرییان، بۆ پەیامی خودموختاریی کوردستانیکی ئازاد، بە ئومیدیشم لە داهاتوودا چ لە ڕووی چاپو چ لە ڕووی نیوەرۆکەوە ئەم ڕۆژنامەیە زیاتر بگەشێتەوەو چاومان ڕوون بکاتەوە. ❁

# ئاورێك لە وەزعییەتی كرێكارانی وڵات

درێژەی لاپەڕی ١

لە ماوەی زیاتر لە بیست ساڵ حاكمییەتی كۆماری ئیسلامیدا نەك هەر وەزعییەتی ئەوان بەرەوباشی نەڕۆیشتوە، بەڵكو ستەمی زیاتریان لێ كراوە. ڕوانگەو سیاسەتە ئابوورییەكان، یاسا زاڵمانەكانو شێوەی بیركردنەوەو بۆچوونە دژ بە ئازادیو غەیرە دێمۆكراتیكەكانی نیزامی ئیسلامی، هەر لەو كاتەدا كە ڕێكاكانی هەڵدانو گەشەكردنی وڵاتیان لە هەموو بوارەكان دا بەربەست كردوە، چینو توێژە زەحمەتكێشەكانی وڵاتەكەمانیان خستۆتە هەلومەرجێكی سەختو دژوارەوە.

بۆ ڕوونتر بوونەوەی لایەنەكانی ئەم ڕاستییە، لەم كورتە وتارەدا هەوڵ دراوە هێندێك لە لایەنەكانی ئەو هەلومەرجە كە كرێكاران تێیدا دەژین بخرێنە بەرباس.

## بێبەشبوونی كرێكاران لە مافی هەبوونی ڕێكخراو و مانگرتن

ڕێكخراو (متشكل) بوونو مافی مانگرتن لە مافو پێداویستییە سەرەكییەكانی كرێكارانن. كرێكاران تەنیا لە ڕێگای ڕێكخراوە سەربەخۆیەكانیانو بە هۆی مانگرتنەوە دەتوانن خاوەنكارەكان ـ كە دەوڵەت بۆ خۆی گەورەترینیانە ـ ناچار بكەن داخوازییە ڕەواكانیان جێبەجێ بكەن. بەو حاڵەش دەبینین كە "یاسای كاری ئیسلامی" كرێكارانی لە وەها مافێك بێبەری كردوەو هەر لەو حاڵەدا، بۆ بە لاڕێ دا بردنی زەینی كرێكاران، ژمارەیەك دامەزراوەو بەناو ڕێكخراوی كرێكاریی دامەزراندوە تا بەناوی كرێكارانو بۆ چووككردنەوەو پێچەوانە كردنەوەی داخوازییە ڕەواكانی زەحمەتكێشان بێنە مەیدانەوە. "خانەء كارگر" (یانەی كرێكار)و لقەكانی لە شارەكان، شوورای ئیسلامیی كار، ئەنجومەنەكانی سینفیی كرێكارانو دامەزراوەكانی وەك وەزارەتی كارو شوورای بەرزی كار لەمانەن. هەڵبژاردنی ئەنجومەنەكانی سینفیی كرێكاران بە شێوەیەكە كە لە پێشەوە هەلومەرجی بەستراوەیی ئەوان بە وەزارەتی كارو خاوەن كار پێك هاتوە. چونكە ئەو كرێكارانەی بۆ ئەندامەتیی ئەو ئەنجومەنانە كاندیدا دەبن، پێویستە لە لایەن شوورایەك كە لە نوێنەرانی كرێكاران، خاوەن كارەكانو وەزارەتی كار پێك هاتوە، تەئیید بكرێن.(١)

ناوەندو بەناو ڕێكخراوە كرێكارییە باسكراوەكان بە هیچ شێوەیەك ناتوانن نوێنەرایەتیی داخوازییەكانو پێداویستییە ڕاستەقینەكانی كرێكاران بكەن. چونكە ئەوان لە ڕاستیدا بۆ ئەوە دامەزراون تا لە سەر مافەكانی كرێكاران لەگەڵ خاوەنكارەكان ساتوسەودا بكەن. لە حاڵێك دا كرێكاران لە مافی پێكهێنانی ڕێكخراوی سەربەخۆ بێبەشن، وەزارەتخانەكانی كار، بازرگانی، "صنایع"، ژووری بازرگانیو ژمارەیەك ناوەندی دیكە، ئاسانكاریو ڕێوشوێنی پێویستیان بۆ پێكهێنانی ئەنجومەنەكانی"صنایع همگون" (سەنعەتە هاوشێوەكان)، یەكیەتیی ناوچەیی سەنعەتی، یەكیەتیی ناوەندیی سەنعەتی، كۆڕی كاروباری سینفی، شوورای سینفەكانو. . . پێك هێناوە.

## پەرەگرتنی شەپۆلەكانی بێكار كردن

شەپۆلەكانی بێكار كردنی كرێكاران لە ساڵەكانی سەرەتای دەیەی ٧٠و لە ئاكامی سیاسەتەكانی "تعدیل اقتصادی" (هاوسەنگكردنی ئابووری)داو بە ناوی "هاوسەنگكردنی هێزی كار" پێیان نایە قۆناغێكی نوێوە. لەم بارەیەوە بڕیاری ڕێكەوتی ١٥ی ڕەشەمەی ١٣٧٣ی وەزارەتی كار، لایەنی یاسایی بە دامەزرانی كاتیی كرێكاران دا. خاوەنكارەكان بۆ خۆدزینەوە لە بەرانبەر پێداویستیو مافە سینفییەكانی كرێكاران لەوانە: مافەكانی كار، دابینكردنی كۆمەڵایەتی، مافی بیمە، خانەنشینی، لە كاركەوتەییو . . . ژمارەیەكی زۆر لە كرێكارانی خاوەن ڕابردوویان لە سەر كار دەركردو جارێكی دیكە ئەوانیان وەك كرێكاری كاتی یان قەراردادی هێنایەوە سەركار.

دیارە ئەم ڕەوتە لەم چەند ساڵەی دواییدا بە هاتنە گۆڕی هۆكارەكانی وەك قەیراناویتر بوونی بارودۆخی ئابووری، داخرانی ژمارەیەك لە ناوەندە سەنعەتییەكان، پێكهاتنی ئاڵوگۆڕ لە پێكهاتەو چۆنیەتیی هێزی كاردا (لاوەتی، تەركیبی ژنو پیاو، گۆڕان لە ئاستی زانیاریو پسپۆڕیو ئامووزشی هێزی كاردا) پەلوپۆی هاویشتوە. بە چەشنێك كە لە ساڵی ٧٩ش دا ئێمە شاهیدی وەمەترسی كەوتنی دەرەتانی كار، یان بێكار بوونی ژمارەیەكی زۆر لە كرێكارانی بە ڕابردوو بووین. ئاماره بڵاوكراوەكان دەری دەخەن كە ڕێژەی بێكاریی ئاشكرا ١٧٪و ڕێژەی بێكاریی شاراوە ٣٠٪ دەبێ (بە بێ لەبەرچاوگرتنی بێكارانی وەرزی) (٢). هەر بە پێی ئەم بەراوردكردنە تەنیا لە ١٨٪ی توانا بەرهەمهێنەكان كەڵك وەردەگیرێ.(٣)

چوونەسەری ڕێژەی بێكارییش هۆكارێكە تا خاوەنكارەكان كەمتر مل بۆ بەرپرسیارەتیو بەڵێنەكانیان لە بەرانبەر مافو ئیمتیازاتی كرێكاران دا ڕاكێشنو تا ئەو جێگایەی دەگونجێ لە هێزی كاری هەرزانتر كەڵك وەرگرن بە تایبەتی كرێكاران لە مافی پێكهێنانی ڕێكخراوە (تشكل)ی كرێكاری كە بە هۆی ئەوەوە بتوانن ئەمنییەتی شوغڵیی خۆیان بپارێزنو نەچنە ژێرباری ویستو داوا نارەواكانی خاوەنكارەكان، بێبەشن.

## هەلومەرجی كار

لە ئاكامی درێژەی ئەو فشارە دا كە خراوەتە سەر كرێكاران، هەلومەرجی كاریش زیاتر بەرەو خراپی ڕۆیشتوە كە لێردا ئاماژە بە ژمارەیەك لە لایەنەكانی دەكەین: ١ـ زۆر بوونی سەعاتەكانی كاری ڕۆژانە، بە جۆرێك كە درێژبوونەوەی ماوەی كاری ڕۆژانە شێوەیەكی باوو هەمەلایەنەی بەخۆوە گرتوە. بە وتەی بەرپرسی خانەی كرێكار "٥٤٪ی كرێكاران زیاتر لە ١٢ سەعات [ لە ڕۆژدا ]كار دەكەن." (٤) ٢ـ لەبەرچاونەگیرانی سەلامەتیو ئەمنییەتی شوێنی كار ٣ـ لەبەرچاو نەگیرانی پاكو خاوێنیی شوێنی كار، ٤ـ بڕینی هێندێك ئیمتیازی وەك: پشووی كۆتایی ساڵو ڕۆژانی پێنج شەممە، جێژنانە، بیمە كردنی كرێكاران (بەوهۆیەوە كە خاوەنكارەكان لە یاسای دامەزراندنی كرێكاران بە شێوەی كاتی كەڵك وەردەگرن)و مەرەخەسیی ماوەی زەیستانیی ژنان (بۆ زیاتر لە جارێك زەیستانی).

لەم پێوەندییەدا ڕێكخراوی جیهانیی كار (ILO)(٥) لە دوایین كۆبوونەوەی خۆی (جۆزەردانی ٧٩)دا سەبارەت بە لە ژێر پێنانی یاساییو بە كردەوەی كونوانسیۆنە نێونەتەوەیییەكانی پێوەندیدار بە مافەكانی كارەوە، چاوەدێریی ILO ی لە سەر ئێران هێشتەوە. كونفرانسی جیهانیی كار وێڕای دەربڕینی نیگەرانیی خۆی لە درێژە كێشانی لە ژێرپێ خرانی بەكردەوەو سیستماتیكی كونوانسیونە نێونەتەوەیییەكانی كارو كرێكاری لە ئێران دا بڕیاری دا چاوەدێریی نێونەتەوەیی كار لە سەر وەزعییەتی مافەكانی كار لە ئێران دا هەروا درێژەی هەبێ (تا ساڵێكی دیكە).(٦)

## دیاری كردنی حەقدەستەكان

ئاوسانی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاترو بەشدارنەكردنی كرێكاران لە دیاریكردنی ڕێژەی حەقدەستەكانیان دا، لەو ستەمانەیە كە دەرحەق بە كرێكاران لە گۆڕێ دان. حەقدەستە ڕاگەیاندراوەكان لە لایەن شوورای بەرزی كارەوە بۆ ساڵی ٧٩ سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن. شوورای بەرزی كار ٤٥٠٠٠ تمەنی وەك لانی كەمی حەقدەستەكان بۆ ساڵی ٧٩ دیاری كرد. كە بە ڕواڵەت ١٠٪ زیادی كردوەو لە -/١٢٠٦١ ڕیاڵەوە گەیشتۆتە -/١٥٢٦٧ ڕیاڵ لە ڕۆژدا. (٧) ئەوە لە حاڵێك دایە كە بە پێی لێكۆڵینەوەكان بۆ دابینكردنی پێداویستییەكانی بنەماڵەیەك لە مانگ دا، بە شێوەیەكی نێونجی ١٣٤ هەزار تمەن پێویستە.(٨) هەروەك دەبینرێ لە دیاریكردنی حەقدەستەكان دا لانی كەمی پێداویستییەكانی كرێكاران لەبەرچاو نەگیراوەو بە وتەیەكی دیكە هیچ چەشنە هاوسەنگییەك لە نێوان ئاستی حەقدەستەكانو ڕێژەی ئاوسان لە گۆڕێدانییە. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین كە زۆربەی كرێكارانی وڵاتەكەمان لە ژێر خەتی فەقردانو ئەو ڕادە كەمە كە وەك حەقدەست یان مووچەی سەرەكی (حقوق پایە) بەوان دەدرێ بە هیچ شێوەیەك بەشی ژیانێكی نەمر نەژی ناكا.

## دواوتە

بەڵام كرێكاران لە بەرانبەر هەموو ئەم زوڵمو ستەمو بێبەشییانەدا بێدەنگ دانەنیشتوونو بۆ بەرگری لە مافە زەوتكراوەكانی خۆیانو نارەزایەتی نیشاندان سەبارەت بە هەلومەرجی دژواری

←

کار، وەمەترسی کەوتنی دەرەتانی کارکردنیانو ئەو فشارانەی کە خراوەتە سەریان، خەباتی خۆیان درێژە پێداوە. لەم پێوەندییەدا دەتوانین وەك نموونە نارەزایەتیو مانگرتنەکانی کرێکارانی تاقمی سەنعەتیی کەوشی میللی، تەختەی سێ لایی ساری، " آدامس خروس نشان"، پێستو چەرمی لورستان، خشتی ماشێنیی ورمێ، شیرکەتی میللیی هەلکۆلێن (حفاری)، . . .و هەروەها کرێکارانی بێکارکراوی تەورێز، "جهاد تعاون"ی سنه و. .ناوبەرین.

هەروەك دیتمان خەباتی کرێکاری لە ساڵی رابردوودا دیمەنێکی تایبەتی بەخۆوە گرتبوو. لە تایبەتمەندییەکانی جموجولو حەرەکەتە کرێکارییەکانی ئەم دواییانە دەتوانین ئیشارە بە هاوئاهەنگیی کەم تا زۆری ئەوان لە کاتی نارەزایەتیو مانگرتنەکانو گەلاڵە بوونی داخوازییە سەرەکییەکانیان ـ حەقی هەبوونی ریکخراوی سەربەخۆ، چوونە سەری ئاستی حەقدەستەکان، گۆرانی یاسای کۆنەپەرستانەی کارو پیکهاتنی هەلومەرجی کاری لەبارو ئینسانی ـ لە دروشمەکانیان دا بکەین.

دیارە نابێ ئەو راستییەش لە بیربکەین کە پیکهاتنی هەلومەرجی کاری ئینسانیو عادیلانە بۆ کریکارانو توێژە زەحمەتکیشەکانی دیکەی نیشتمانەکەمان لە گەڵ پەرەئەستاندنو گەشەی ئازادییە دیمۆکراتیکییەکان پیوەندیی دوولایەنەیان هەیە. پەرەئەستاندنو گەشە کردنی دیمۆکراسی لە وڵات دا بوار بۆ پیکهاتنی ئالوگۆر لە یاساکانی ئیستادا دەرەخسێنێو ئەوەش دەبیتە هەنگاویکی گرنگ بۆ نزیك بوونەوەی هەرچی زیاتری کریکارانو چینو توێژە زەحمەتکیشەکانی دیکەی کۆمەلگە لە مافو داخوازییە ئینسانییەکانیان. کەوابوو هاوپیوەندیو تیکەڵاویی زیاتری خەباتی کریکاران لە گەڵ خەبات بۆ دیمۆکراسی پیویستییەکی حاشا هەڵنەگرە. ❁

**پەراوێزو سەرچاوەکان**

(١) بروانە "یاسای کار" ـ ماددەی ١٣١، تێبینیی ٥ی هەمان ماددە
(٢) و (٣) حوسێن عەزیمی ـ رۆژنامەی "رسالت" ٢٥ی بانەمەری ٧٩
(٤) بلاوکراوەی "کار" ـ خەزەلوەری ٧٨، ژمارە ٢٣١
(٥) ریکخراوی جیهانیی کار ( ILO ) دامەزراوەیەکە پیکهاتوو لە نوینەرانی یەکیەتییەکانی کریکاری، خاوەنکارەکانو دەولەت کە لە ساڵی ١٩١٩دا دامەزراوەو ١٥٠ ئەندامی هەیە. ئەو ریکخراوەیە مافی پیکهینانی ریکخراوو یەکیەتیی سەربەخۆی کریکاریی بە کریکاران داوە.
(٦) "نبرد خلق" ـ ١ی پووشپەری ٧٩ ـ ژمارە ١٨١
(٧) "راه کارگر (تك برگی)" ـ ٢٩ی خاکەلیوەی ٧٩، لە زمان رۆژنامەی "کاروکارگر"ەوە
(٨) سەرچاوەی ژمارە (٢)

# دەورێکی تازە لە سەرکوت لە ئێران دا

دریژەی لاپەرەی ١

لەم ماوەیەدا بە دەیان کەس لە خەباتگیرانی میللی ـ مەزهەبی بە تاوانی هەولدان بۆ رووخاندنی نیزامو تۆمەتی لەو چەشنە دەستبەسەرکرانو هیندیکیان لە ژیر ئەشکەنجەی ئەشکەنجەگەرانی ریژیم دا ناچار کران ئەو تاوانو قسانەی بۆیان دیاری کراوە دادانی پیدا بینن. لە دوو هیرشی جیاواز لە رۆژانی دووشەممە ٢٧ی خاکەلیوەو یەك شەممە دووی بانەمەردا، ژمارەیەکی زۆر لە خویندکارانو ریبەرانی بزووتنەوەی خویندکاری، یەك لەوان حیشمەتوڵلا تەبەرزەدی ریبەری "بەرەی دیموکراتیکی خەلکی ئیران"، لە لایەن هیزە ئینتزامییەکانو گۆپاڵ بە دەستانی ئەنساری حیزبوڵلاوە هیرشیان کرایە سەرو پاش لیدانو بێ حورمەتی پیکردنیان، بەرەو ئەشکەنجەگا ئاشکراو نهینییەکانی ریژیم راپیچ کران. لە ماوەی یەك مانگی رابردوودا دەستبەسەرکرانی رووناکبیران دریژەی هەبووو بۆ وینە لە چەند رۆژی رابردووش دا "عەمید نائینی" سەرنووسەری مانگنامەی "پیام امروز" و محەممەدی سلامەتی سکرتیری گشتیی ریکخراوی موجاهیدینی شۆرشی ئیسلامیو سەرنوسەری ئورگانی رەسمیی ئەو ریکخراوەو (عصرما) دەستبەسەرو پاشان موحاکەمە کران. هەروەها دەزگای قەزایی لە هەنگاویکی دیکەدا ١٢١ کەس لەو کەسانەی کە لە پیوەندی لەگەڵ رووداوی هیرش بۆ سەر کۆبوونەوەی ساڵانەی خویندکاران لە خورەم ئابادا گرتبوونی ـ کە زۆربەی زۆریان خویندکار بوون ـ موحاکەمەی کردنو بە زیندان (بۆ ماوەی جۆراوجۆر تا ٥ ساڵ) مەحکووم کردن. ئەمە لە کاتیك دایە کە هەیئەتی لیکۆلینەوەو بە دواداچوونی مەجلیس بە دوای ئەوە رووداوەدا راشکاوانە ئەو کەسانەی وەك تاوانباری سەرەکی ناساندن کە هیرشیان کردبووە سەر خویندکاران.

دیارە کردەوەی سەرکوتکەرانەی ئەم دواییانە، دریژەی ئەو رەفتارە دژ بە ئازادییانەن کە لە ماوەی یەك ساڵی رابردوواو پاش شکستی قولی دەسەلاتدار لە هەلبژاردنی مەجلیس دا، لە لایەن دەزگای بیدادگەری قەزاییو ناوەندەکانی سەرووی قانونی ریژیمەوە جیبەجی کراون، بەلام ئەو قوناغە نوێیەی سەرکوت زۆر ئاشکراترو لە روالەت دا قانوونیترو لە باری چونیەتییەوە، مەبەستدارتر بووو گەلالەی وردتری بۆ داریژرابوو. چونکە لەم قوناغەدا ئازادیخوازان، جیابیرانو خویندکارانی خەباتگیرو ریفورمخوازانی چالاکی دەرەوەی دەسەلات، تەنانەت ریفورمخوازەکانی نیو دەسەلاتیش نەپاریزرانو ناشپاریزرین. ئەم قوناغە نوێیەی سەرکوتیش نیشانەی چەند شتە، یەکەم: نیشانەی ناتەبایی قوولو بنەرەتیی نیوان کۆمەلانی خەلکی ئیران بە گشتیو تەواویەتی کۆماری ئیسلامییە.

دووهەم: پەرەگرتنی زیاتری کیشەو ململانیی قۆلەکانی نیو حاکمییەت دەسەلمینێ. ئەو کردەوانە تەنانەت بوون بە مایەی سەرهەلدانی دوو بەرەکییەکی جیددی و بەرچاو لە نیوان گرووپو تاقمەکانی سەر بە هەر کام لەو قۆلە سەرەکییە.

سیهەم: نیشاندەری رادەی گرنگیی هەلبژاردنی داهاتوو بۆ هەر دوو لایە، هەم لەم باری بەرژەوەندی تایبەتییەوەو هەم لە باری بەرژەوەندی گشتیو چارەنووسی نیزامەوە.

ئەگەر خالی دووهەم بووبیتە هۆی لاواز بوونی زیاتری ئالقەی پیوەندیی نیوان دوو باڵی نیو دەسەڵات، وا دیتە بەرچاو کە لە روانگەی هەر دوو قۆلەوە زیاتر هەست بەوەمەترسی کەوتنی بەرژەوەندو چارەنووسی نیزام دەکرێ. ئەوەش لەوانەیە لە ئاکام دا ببیتە هۆی نزیکیی زیاتری ریزەکانی سەرووی هەر دوو قۆل لەگەڵ یەکتر. هەر وەك دەبینین بەشیك لە قۆلی دەسەلاتداری ریژیم لە رەوتی سەرکوتکردن دا لە ریفورمخوازانی نیو دەسەلاتیش، بەتایبەتی لە گرووپو لایەنە رادیکالەکانی سەر بەم قۆلە کە لە ریفورمخوازە جیددییەکانی دەرەوەی دەسەلات نزیکترن، دەستیان نەپاراستوە. توندرەوەکانی قۆلی دەسەلاتدار هەول دەدەن ویرای پیشاندانی بالادەستیی خۆیان لە باری هیزو دەسەلاتەوە، لەگەڵ ئەو بەشە لە ریفورمخوازەکانی نیو دەسەلات کە لە نیوان ریفورمی راستەقینەو بەرژەوەندی نیزام (کە مەبەست بەرژەوەندی مافیای دەسەلاتە) دووهەمیان هەل دەبژیرن، بکەونە موعامەلەو ریك بکەون. چونکە لەوە گەیشتوون کە بۆ خۆیان لە لایەکەوە هیچ پیگەیەکیان لە نیو کۆمەلانی خەلك دا نییەو لە لایەکی دیکەوە پەنابردنە بەر توندوتیژیی هەوسار پچراو بۆ گەراندنەوەی بارو دۆخەکە بۆ پیش جۆزەردانی ساڵی ٧٦ بە مانای رووبەروو بوونەوەی زیاتر لەگەڵ کۆمەلانی خەلك، خیراتر کردنی رەوتی رووخانی ریژیمو هەروەها هاندانو وروژاندنی خەلك بۆ راپەرینیکی گشتییە. بۆیە هەولیان داوە زەبریکی توند لە بەشە ئاستەمەکانی جوولانەوەی ریفورمخوازیی دەرەوەی دەسەلات (میللی ـ مەزهەبییەکان)، جوولانەوەی بە هیزی خویندکاری، بلاو کراوە سەربەخۆو ریفورمخوازەکان بدەنو ئەوپەری توانای خۆیان خستۆتە گەر تا نەهیلین هیزیکی ←

# کوردستان



سیهەم لە دەرەوەی دەسەلات دا پێك بێ. لە هەمان کات دا بەشی توندرەوی ریفۆرمخوازانی نیو دەسەلاتیش (بەشیك لە نوینەرانی ریفورمخواز، ژمارەیەك لە کارگیرە پایەبەرزەکانی ولأت)کە هەر وەك باس کرا زیاتر لایەنی ریفورمخوازە جیددیەکان دەگرن، چاوترسین بکەنو تەریکیان بخەنەوە.

قۆلی دەسەڵاتداری ریژیم دەیهەوێ بەم چەشنە کردەوانەی خۆی، بەشی سەرەکیی جوولانەوەی ریفورمخوازی لە مەیدانی ململانی دوور خاتەوە، تا ئەگەر خاتەمی ویستی خۆی کاندیدا بکاتەوە، ببیتە کاندیدایەك کە لە لایەکەوە پشتیوانیی جیددیی ریفورمخوازانی دەرەوەی دەسەڵاتی لە کیس چووبێو لە لایەکی دیکەوە بە هیچ شیوەیەك نەتوانێ لە قسەی قۆلی رکەبەر دەرچێ. بەتایبەتی کە ناوبراو لە ماوەی چوار سالی رابردوودا نیشانی داوە کە ئامادەیی‌یەکی باشی بۆ سازانو ساتوسەودا لەگەڵ پاوانخوازانی دەسەلاتداردا هەیە. چونکە لە بارودۆخە ناسكو ئاستەمەکان دا لەگەڵ سەرانی ئەو قۆلەدا هاودەنگیی کردوە. بەڵام بەشە هەرە کۆنە پەرستەکەی قۆلی دەسەلاتبەدەستی ریژیم ـ هەیئەتی موئتەلیفە، ژمارەیەك ئاخوندی وەك جەننەتی، یەزدی، خەزعەلی، بەشیك لە فەرماندەرانی هیزە سەرکوتکەرەکانی ریژیم ـ نەك هەر لەگەڵ هەر چەشنە جوولانەوەیەکی ریفورمخوازی چ لەنیوخۆو چ لە دەرەوەی دەسەلات دا دژایەتی دەکەن، بەلکو لە بنەرەت را موخالیفی ئەسلی جمهوورییەتی نیزامیشن و خوازیاری حکوومەتیکی ئیسلامی یا خەلافەتی ئیسلامین. بۆیە هەر وەك چۆن بە کردەوە نیشانیان داوە، بانگەشە بۆبەکارهینانی ئەو پەری توندوتیژیو کوشتنو برینی ئەو کەسانە دەکەن کە چووکەترین رەخنەیەك لە نیزامی "ولایت مطلقه فقیه" دەگرن.

لەونیوەدا خامەنەیی وەك ریبەری مافیای دەسەڵات لە ململانیی نیوان دوو تاقمی قۆلی پاوانخوازدا، بەکردەوە لەگەڵ تاقمی هەرە کونەپەرست دایەو هەر لەو کاتەش دا هەوڵ دەدا ببیتە ئالقەی پیوەندی نیوان بەشەکانی قۆلی پاوانخواز.

بە هەر حاڵ گۆمان لەوەدا نیە کە قۆناغی نویی سەرکوتو زەبرو زەنگو ململانیی نیوان خەلكو مافیای دەسەلات کە لە بەرەبەری ململانیی هەلبژاردنی سەرکۆماریدا زیاتر پەرەی ئەستاندوە، هەتا کۆتایی هاتنی ململانیی هەلبژاردن پێ دەنیتە قۆناغیکی دیکەوە. یا ریفورمخوازەکانی نیو دەسەلاتو لە سەرووی هەموانەوە خاتەمی هەروا دەستە وەستانو بیدەنگ دەميننەوەو شاهیدی سەرکوتکرانی ریفورمخوازانی شیلگیر لە نیوخۆو دەرەوەی دەسەلات دەبن، کە لەو حالەتەدا ئەوەندەی دیکە خەلکی ئیران لییان ناهومید دەبن، بە تەواوی روویان لێ وەردەگیرینو ئەوان لە کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتیی خۆیدا هەل ناویرن ، یاسەر ئەنجام بەرامبەر بەو وەزعە، هەلویستی جیددیو جیگای رەزامەندیی خەلك دەگرن. تەنیا لەو حالەتەدایە کە دەتوانن بۆ پاشەکشە بە قۆلی رقەبەر واتە پاوانخوازانو کۆنە پەرەستانی دەسەلاتبەدەستو دەرهاتن لەو بون بەستەی تیی کەوتوون، لە سەر پشتیوانیی خەلك حیسیب بکەن.



هەلبژاردنی داهاتووی سەرکۆماری دوا شانسی ریفورمخوازانی نیو دەسەلات بۆ یەکلایی کردنەوەی تەکلیفی خۆیان لەگەڵ خەلك و مافیای دەسەلاتە. ئەوان هیچ ریگایەکی دیکەیان نیەو ئەمجارەیان لەو دووانە دەبێ یەکیان هەل ببژیرن. ئەوان نابێ چی دیکە ببنە لەمپەر و دیواریك بۆ پاریزگاری لە ریژیمی ئیسلامیو بۆ بەربەست کردنی رقو توورەیی خەلك بەرامبەر بەو نیزامە دیکتاتورو کۆنەپەرستە. ❀

## چەند قوربانیی دیکەی تەقینەوەی مین

**سەردەشت**

لە ١٣٨٠/١/٢٠ لە شوینیك بە ناوی "قەلأن" لە پشتی گوندی "کانیە زەرد"ی ناوچەی بولفەتی سەردەشت مینیك لە ژیر پیی لاویکی ١٧ سالەی ئەو دێیە بە ناوی خالید کوری وەستا خدری پیرۆتی تەقییەوەو بە داخەوە بووە هۆی پەراندنی لاقی ناوبراو.

**بانە**

رۆژی ٨٠/١/١٠ لە پیگەی نیزامیی چۆلکراوی ئاربەبا مینیك لە ژیر پیی لاویك بە ناوی حوسین کوری مامەقالە کارمەندی ئیدارەی ریگاوبان تەقیەوەو بەداخەوە لاقیکی پەراند. لە کاتی تەقینەوەی مینەکەدا تاقمیك لاو بۆ "کوهنوردی" لە نزیك شوینی رووداوەکە بوون کە فریای بریندارەکە کەوتنو لە مردن رزگاریان کرد.

# مەحکووم کرانی سەر لە نویی کۆماری ئیسلامی لە لایەن کومیسیونی مافی مرۆڤەوە

رەزا

رۆژی هەینی ٣١ خاکەلیوە، بەرامبەر بە ٢٠ی ئاوریل، کومیسیونی مافی مرۆڤی ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، دیسان کۆماری ئیسلامیی ئیرانی بە تاوانی پیشیلکردنی بەربلأوو ئاشکرای مافەکانی مرۆڤ مەحکووم کرد. ئیعدامی لە رادەبەدەر، کەلك وەرگرتن لە ئەشکەنجە، سەرکوتی ئازادیی چاپەمەنی، ریز نەگرتن لە ریوشوینە نیونەتەوەیی‌یەکان لە پیوەندی لە گەڵ بەریوەبردنی دادپەروەری دا، گرتنی بەکۆمەلی‌نووسەرانو هەلسوورِاوانی سیاسی، رەفتاری توندوتیژ لەگەڵ ریکخراوە خویندکاری‌یەکان، زیاد بوونی فشارو سەرکوت لە سەر کەمایەتی‌یە نەتەوەییو مەزهەبی‌یەکان، کردەوە سەرکوتکەرانەکانی دادگاکانی شۆرشو دادگای تایبەتیی روحانییەتو . . . لەو نموونانە بوون کە لە بریارنامەی کومیسیونی مافی مرۆڤ دا ئاماژەیان پی‌کرابوو و بە توندییش مەحکووم کرابوون. کومیسیونی ناوبراو ویرای دریژ کردنەوەی مەئمووریيەتەکەی بەریز کاپیتۆرن (مەئمووری تایبەتیی کومیسیونی مافی مرۆڤ بۆ لیکۆلینەوە لەوەزعی ئیران) بۆ ماوەی سالیکی دی، ناوی ئیرانی لە ریزی ناوی ئەو ولأتانەدا هینا کە لە بەر پیشیلکردنی مافی مرۆڤ دەبێ لە ژیر چاوەدیریی بەردەوامی کومیسیونی مافی مرۆڤی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا بن.

بیگومان پیشیلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئیرانی ژیر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا زۆر لەوە بەربلأوترە کە لە راپۆرتەکەی ئاغای موریس کاپیتورنو بریارنامەی ئەو کومیسیونە لە بارەی ئەو ریژیمە دیکتاتۆرەدا هاتوە. چونکە لە لایەکەوە لە سالی ١٩٩٦ی زایینی بەم لایەوە کاربەدەستانی ریژیم ریگەیان بە لیکۆلەری تایبەتیی ئەو کومیسیونە (ئاغای موریس ←

کاپیتورن) نەداوه سەردانی ئیران بکا تا لە نزیکەوه وەزعی مافی مرۆڤ ببینێ، هەر بۆیە بەریز کاپیتۆرن زۆربەی راپۆرتەکانی خۆی بە کەلك وەرگرتن لە زانیاریی رۆژنامەکان، هیندیك سەرچاوه لە نیوخۆی ئیرانو ئەو زانیاریو راپۆرتانەی کە لە حیزبو ریکخراوه سیاسی‌یەکانی نیو ئوپوزیسیون وەری گرتوون، ئاماده کردوەو لە لایەکی دیکەشەوه بە هۆی فەزای سەرکوتو زەبروزەنگ کە دامو دەزگا سەرکوتکەرەکانی ریژیم لە سەر ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئیران دا زالیان کردوه، لە راپۆرتەکەی ناوبراودا کردەوه دژی ئینسانیو دژی ئازادی‌یەکانی ریژیم لەو ناوچانەدا (کوردستان، بەلووچستانو . . .) کەمتر رەنگی داوەتەوه.

بەوحالەش مەحکوومکرانی ریژیمی ئازادیکوژی زالْ بەسەر ولاْتەکەمان دا لە لایەن بەرزترین بنیاتی سەر بە ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ، هەر لەو کاتەدا کە گۆشەیەك لە کردەوه دژی ئینسانی‌یەکانی ئەو ریژیمەی ئاشکرا کرد، هەولەکانی کۆماری ئیسلامییشی بۆ جوان نیشاندانی سیمای ریژیم لە ئاستی نیونەتەوەییدا پووچەلْ کردەوەو نیشانی دا ریژیمیك کە بە پیچەوانەی نیوەرۆکە کۆنەپەرستانەکەی، لە ماوەی ئەم چوار سالەی دوایی دا بە هۆی سەرکۆمارەکەیەوه باسی نەهیشتنی ئالۆزی لە پیوەندی‌یەکانی دەرەوەی خۆیداو وتوویژی شارستانەتی‌یەکانی دەکرد، راست لە سالیك دا کە لە لایەن ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوەو بە پیشنیاری سەرکۆماری ئەو ریژیمە بە سالی وتوویژی شارستانەتی‌یەکان ناودیر کراوه، چلون مافە سەرەتایی‌یەکانی هاونیشتمانانو گەلانی ئیران پیشیل دەکا.

ریژیمی کۆماری ئیسلامی بە سەرنجدان بە وەزعییەتی ولاْتانی ئەندام لە خولی ئیستای کومیسیونی مافی مرۆڤ دا کە نزیکەی نیوەیان لە بواری مافی مرۆڤەوه کارنامەیەکی زۆر خاوینیان نیە، هەولی زۆری دا کە بریارنامەی مەحکوومکرانی کۆماری ئیسلامی پەسند نەکرێ، بەلاْم لەبەر پیشیلکردنی بەربلاْوی مافی مرۆڤ لە سالی رابردوودا کە جگە لەوەی ئەو پیشیلکردنە لە تیکرای بوارەکان دا چوارچیوەکەی بەرینتر بۆوه، تەنانەت شیوەی قانوونییشی پێدراو لە لایەکی دیکەوه لە ئاکامی هەولْو تیکۆشانی کەسایەتی‌یە ئیرانیو خاریجی‌یەکانی پاریزەری مافی مرۆڤ دا، هەولەکانی ریژیم هیچ کەلکیان نەبووو سەرئەنجام کۆماری ئیسلامی بە ۲۱ دەنگی موافیقو ۱۷ دەنگی موخالیفو ۱۵ دەنگی بێلایەن (ممتنع) بۆ نۆزدەهەمین جار لە لایەن کومیسیونی مافی مرۆڤەوه مەحکووم کرا.

ریژیمی ئازادیکوژی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەلاْتی خۆیدا، لە بەر ئەو تاوانانەی کە دەرحەق بە خەلکی ئیران کردوونی، بیجگە لە کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە لایەن ریکخراوەکانی تری وەك: ریکخراوی نیونەتەوەیی لیخۆشبوون، ریکخراوی هەوالنیرانی بێسنوور، ریکخراوی چاوەدیریی مافی مرۆڤ، میدل ئیست واچ، هیومەن رایتس واچو. . . مەحکووم کراوه. بەوحالەش هەروەك هەموومان دەزانین، ریژیم لەم چەند سالەدا نەك هەر کردەوه سەرکوتکەرانەکانی خۆی کەمتر نەکردۆتەوه، بەلکوو سەرکوتو زەبرو زەنگو گرتن، وەك سیاسەتی رەسمیی قۆلی دەسەلاْتداری ریژیم بە دژی کۆمەلاْنی ئازادیخوازی خەلكو پیشرەوانی جوولاْنەوەی ئازادیخوازی، هەروا دریژەی هەبووەو پەرەی گرتوه.

بەسەرنجدان بەو راستی‌یانە، بێئەوەی بمانەوێ لە رادەی گرینگیی شویندانانو دەنگدانەوەی مەحکوومکرانی ریژیم لە نیوخۆو دەرەوەدا کەم بکەینەوه، دەبێ ئەو راستی‌یەشمان لەبەرچاو بێ کە تا ئەو کاتەی دەولەتانو ولاْتانی پاریزەری مافی مرۆڤ، ئەو ولاْتانەی بەردی پاریزگاری لە خەلك سالاری، دیمۆکراسیو مافی مرۆڤ لە سنگ دەدەن، پیوەندی‌یەکانی خۆیان لە گەلْ ریژیمی ئازادیکوژی کۆماری ئیسلامی‌دا لە سەر بناغەی چۆنیەتیی مامەلەکردنی ئەو ریژیمە لەگەلْ مافەکانی مرۆڤو ئازادیو دیمۆکراسی لە لایەكو لە لایەکی دیکەوه لە سەربناغەی بۆچوونەکانی ریکخراوه مرۆڤدۆستە نیونەتەوەیی‌یەکان لە سەر کردەوەو سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی دانەنین، باشبوونی وەزعی مافی مرۆڤ لە ئیرانی ژیر دەسەلاْتی کۆماری ئیسلامی شتیکی نەگونجاوو چاوەروانی‌یەکی خۆرایی‌یە.

ئاشکرایە مەحکوومکرانی پەیتا پەیتای ریژیمی کۆماری ئیسلامی لە لایەن بنیاتو ریکخراوەکانی پاریزەری مافی مرۆڤەوه، هەم نەفرەتو بیزاریی خەلك لە ریژیم لە جاران پترو رەوتی جوولاْنەوەی ئازادیخوازانەی خەلك خیراتر دەکاو هەم نیوەرۆکی سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامی زیاتر بە بیرورای گشتیی خەلکی جیهان دەناسینێ. بەلاْم سەرانی ئەم ریژیمە سەرەرۆیە لە پیناوی پاراستنی نیزامە کۆنەپەرستەکەیان دا، هەرچەشنە مەحکوومییەتو شەرمەزاری‌یەکیان قبوولْ کردوەو پاش دەیان جار مەحکوومکرانو شەرمەزاری لە ئاستی نیونەتەوەییدا، ئەم جۆرە ریسوایی‌یانەیان بۆ ئاسایی بۆتەوەو زۆری گوێ نادەنێ. بە تایبەت کە دەولەتانی ولاْتانی پیشکەوتوو، هەروەك تا ئیستا نیشانیان داوه، ئاماده نین لەسەر پیشیلکرانی مافی مرۆڤ لە لایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوه، واز لە بەرژەوەندی ئابووریو سوودی زۆرو زەوەندی بازرگانی لە گەلْ کۆماری ئیسلامی بینو پیوەندیی خۆیان لە گەلْ ئەو ریژیمە بپسینو ئەوان تەنیا جاروبار بە شیوەی سەرزارەکی مەحکوومی دەکەن. ریبەرانی ریژیم لەو راستی‌یە گەیشتوون کە لە لایەن ریکخراوه مرۆڤدۆستەکانەوه مەحکووم بکرین یا نا، هیچ ریگایەکیان بیجگە لە پەنا بردنەبەر ئامرازەکانی سەرکوتو فشار نیە. بۆ سەلماندنی ئەو قسەیەش، تەنیا ئەوەندە بەسە کە چاویکی خیرا بە سەر ئەو هەنگاوو کردەوه سەرکوتکەرانەو دژی ئینسانی‌یانەی ریژیم لە یەك سالی رابردوودا بخشینین. داخستنی بە کۆمەلی رۆژنامەکانی سەربەخۆو لایەنگری ریفۆرم، گرتن، موحاکەمەو مەحکوومکردنی بەشدارانی کونفرانسی بیرلین، ئەشکەنجەدانی خویندکارانو جیابیران، موحاکەمەو مەحکوومکردنی جیگری وەزارەتی نیوخۆ، دەستەبەسەرکردنی پتر لە ۵۰ کەس لە هیزە میللی ـ مەزهەبی‌یەکانو زۆربەی ریبەرانی بزووتنەوەی خویندکاریو . . . هیندیك کردەوەی سەرکوتکەرانەی ریژیمنو نیشاندەری ئەو راستی‌یەن کە دژایەتی لەگەلْ ئازادی لە نیوەرۆکی ئەو ریژیمەوه سەرچاوه دەگرێ. هەربۆیە بۆ مانەوەو دریژەی دەسەلاْتەکەی، ئامرازیکی باشتر لە سەرکوت ئەشکەنجەو زیندان شك نابا و بێ گویدان بە مەحکوومکرانی پەیتا پەیتای لە لایەن کۆرو کۆمەلْو ریکخراوه نیونەتەوەیی‌یەکان کەلك لەو ئامرازه وەردەگرێ.

بەلاْم بەوحالەش دەبێ بلیین کە چەکی سەرکوتو فشار، موحاکەمەی روالەتیو راپیچکردنی ئازادیخوازان بۆ ئەشکەنجەگاکان، نەك کاریگەریی جارانی نەماوەو ناتوانێ رەوتی ئیستا بەرەو پاش بگیریتەوه، بەلکوو رەوتی جوولاْنەوەی ئازادیخوازانەی کۆمەلاْنی زۆر لیکراوی خەلکی ئیران بەگورتر دەکا. کردەوه سەرکوتکەرانەکانی ئەم دوایانەی قۆلی دەسەلاْتداری ریژیم، تەنیا پەلەقاژەیەکی بێسوودە. ریژیمی کۆماری ئیسلامی نە لە نیو کۆمەلاْنی خەلکی ولاْتەکەمان دا پیگەیەکی ئەوتۆی هەیە، نە بە سەرنجدان بەشەرمەزاریو مەحکوومکرانی لە ئاستی نیونەتەوەییدا، ریزو حورمەتیکی لە نیو ولاْتانی جیهان دا بۆماوەتەوەو نە دەتوانێ وەك رابردوو بەکەلك وەرگرتن لە هەستی مەزهەبیی خەلك، دریژه بە دەسەلاْتی خۆی بدا. ❁

سامان

# فیربوونی خویندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی هەنگاویکی شایانی ریزلینان

لە سالی رابردوودا هیندیك هەواڵو راپۆرتی دلخۆشکەر لە پیوەندی لەگەڵ پیشوازیی گەرمی خەلکی کوردستان، بە تایبەت لاوانی کوردستانی ئیران لە فیربوونی خویندنەوەو نووسین بە زمانی زگماکی بلاو بوونەوە، کە بوونە هۆی خۆشحالی و سەربەرزیی هەموو کوردیکی دلسۆزو نیشتمانپەروەر.

بە پیی ئەم راپۆرتانە، ئەنجومەنی ئەدەبیی شاری سەقز هەموو حەوتوویەك دوو جەلەسە بۆ فیرکردنی خویندنەوەو نووسین بە زمانی کوردی پیك دینیٚ. هەروەها رۆژی حەوتی خەرمانانی سالی رابردوو مەراسیمیکی جیژن بە بۆنەی کۆتایی هاتنی دەورەیەکی فیربوونی خویندنەوەو نووسینی کوردی بە بەشداریی ۲۵۰۰ کەس لە شاری سنە بەریوە چوو. ئەم خولە لە فیربوون کە زیاتر لە دوومانگ دریژەی کیشابوو، بە هاوکاریی ئەنجومەنی ئەدەبیی"مەولەوی"ی شاری سنە بەریوە چوو بوو. رۆژی ۲۵ی رەشەمەی سالی رابردووش لە شارۆچکەی دیگولانی سەر بە شاری سنە، جیژنی کۆتایی هاتنی سەرکەوتووانەی دووهەمین دەورەی فیربوونی خویندنەوەو نووسین بە زمانی کوردی لە سالونی وەرزیشیی ئەم شارۆچکەیە بەریوە چوو.

مەسەلەی جیگای سەرنج لەم بارەیەوە ئەوەیە کە یەکەم، لە شارۆچکەیەکی وەك دیگولانو بە حەشیمەتیکی تا رادەیەك کەمەوە ژمارەیەکی بەرچاوی خەلك لە کلاسەکانی فیربوونی خویندنەوەو نووسینی کوردی دا بەشداری‌یان کردبوو، کە ئەم کارە نیشانەی پیشوازیی گەرمو گوری خەلکی تینووی خویندنەوەو نووسین بە زمانی زگماکیی خۆیان لە بەریوە چوونی ئەم جۆرە کلاسانە و لە هەستیکی بە هیز و تیگەیشتوویی‌و وشیاریی نەتەوەیی ئەوانەوە سەرچاوە دەگریٚ. خالیکی سەرنجراکیشی دیکە لەو مەراسیمەدا، بەشداریی شاعیرانو نووسەرانی زۆربەی شارەکانی دیکەی کوردستانو بە تایبەتی ئەندامانی ئەنجومەنە ئەدەبی‌یەکانی بۆکان، قوروە، سنەو کامیارانو دەستەیەك لە کەسایەتی‌یە ئەدەبی‌و هونەری‌یەکانی ناوچەکانی دیکەی کوردستانە. قسەی تیدانیە زۆربەی ئەو خۆشەویستانەی کە لە ناوچە دوورەکانی کوردستانەوە ماندوویەتیی سەفەر بۆ ئەو شارۆچکەیەیان (کامیاران) کیشابوو و بەشداری‌یان لەو جیژنەدا کردبوو، بە دلیکی پر لە هیواو ئومید بە داهاتوویەکی درەوشاوە بۆ گەلەکەمانو بە چاوی پر لە فرمیسکی خۆشی‌و شادی‌و گەشبینی بە سەرکەوتنی یەکجاریی خەلك و وەدیهاتنی ئامانجە لە میژینەو رەواکانیان لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا، گەرانەوە شوینی ژیانی خۆیان.

بەشداریی دلخوازانەی لەم شیوەیە لە پیکهینانی دەورەو فیرکردنو فیر بوونی خویندنەوەو نووسینی کوردی‌دا، لە لایەکەوە نیشانەی چوونە سەری ئاگایی‌و وشیاریی نەتەوەیی خەلکی کوردستانەو لە لایەکی دیکەشەوە نیشان دەدا کە خەباتی تیکۆشەرانو خەباتگیرانی کورد بە دژی زولمو زۆری دەسەلاتدارانی سەرەرۆ شوینی خۆی داناوەو بەرهەمی هەبووەو ئەوە سەرەتاکەیەتی کە وەدیار کەوتوە. خەباتیك کە دابین کردنی سەرتایی‌ترین مافە ئینسانی‌یەکانی گەلی کورد کە تا ئیستا پیشیل کراون، ئامانجیەتی. گومانی تیدانیە کە مافی ئینسانیی هەموو نەتەوەیەکە کە بە زمانی زگماکیی خۆی بخوینیٚو بنووسیٚو بتوانیٚ ریز لە فەرهەنگو ئەدەبیاتی نەتەوایەتیی خۆی بگریٚ.

حاشا کردن لە هەبوون(موجودیت)ی میللی‌و ناسنامەی راستەقینەی گەلانی ئیران، سووکایەتی بە کەسایەتی‌یەکانیانو سەرکوتی بەردەوامی جمۆجۆلە ئیعترازی‌یە رەواو ئازادیخوازانەکانی خەلك، بەشی هەرە گرنگی سیاسەتەکانی دوو ریژیمی پاشایەتی‌و ئیسلامی‌یان لە پیوەندی لەگەڵ گەلانی ژیردەستەو بەتایبەتی گەلی تیکۆشەری کورددا پیك هیناوەو، ئیستاش ئەم سیاسەتە دریژەی هەیە. پیادە کردنی سیاسەتی تیکەڵ بە فەرقو جیاوازیی لەم چەشنە سەرجەم بوارەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووری‌و فەرهەنگیی خەلکی کوردستانی گرتۆتەوەو لە هەمان کات دا بۆتە هۆی پەرەسەندنی رقو بیزاریی خەلك لە ریژیمە سەرەرۆکانو ئەوانی لەسەر تیکۆشان بۆ دابین کردنی داخوازەکانیان شیلگیرتر کردوە.

بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئیران، بە ریبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران کە رەگو ریشەی بۆ رابردوویەکی دوور دەگەریتەوە، بە هۆی هینانە گۆری داخوازە روونو واقیعی‌یەکانی ئەو خەلکە ژیردەستە هەمیشە لەگەڵ پشتیوانیی بەربلاوی ئەوان بەرەوروو بووە. هەر بۆیەش هەروا بە تینو بە گورەوە دەچیتە پیشو رۆژ بە رۆژ بە حەق بوونو رەوایی‌یەکەی روونتر دەبیتەوە. ئەم راستی‌یە ئەو کاتە زیاتر دەردەکەویٚ کە دەبینین بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییش لە بەرانبەر سوور بوونی خەلك لە سەر ئەو جۆرە داخوازانەدا توانای بەربەرەکانی‌یان نەماوەو بەشیوەیەکی غەیرە رەسمی چاویان لە ئاستی فیربوونی خویندنەوەو نووسین بە زمانی کوردی (ئەویش لە چوارچیوەیەکی بەرتەسك دا) لە لایەن خەلكو بەتایبەتی لاوانی کوردەوە نوقاندوەو یا لانی کەم لەبەرانبەر پیکهاتنو بەریوە چوونی کلاسی فیربوونی خویندنەوەو نووسین بە زمانی کوردی لە ئاستیکی بەرتەسك دا کە بە هیممەتی ئەنجومەنو کۆمەلە ئەدەبی‌و فەرهەنگی‌یەکان پیك دین، بیدەنگەیان کردوە.

بیٚ گۆمان ئەگەر فیربوونی خویندنەوەو نووسین بە زمانی کوردی لە لایەن خەلکی کوردستانەوە بە شیوەیەکی بەربلاوتر بیٚو هەموو ناوچەکانی کوردستان دابگریٚ، ئەم دیاردەیە نەتەنیا دەبیتە هۆی دەولەمەندی‌و بووژانەوەو بە هیز بوونی زمانی کوردی و بەرەو پیشچوونو گەشە کردنی فەرهەنگی لە کوردستان دا، بەلکوو دەبیتە هۆی پەرەگرتنو قوولبوونەوەی تیکۆشانی خەلك لە پیناوی دابینکردنی سەرجەم داخوازەکانی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەلکی کوردستان. جگە لە مانەش بەشداریی بەرینی خەلك لە کلاسەکانی فیربوونی خویندنەوەو نووسین بە زمانی کوردی‌دا، دەبیتە هۆی پتەو بوونی بناخەکانی بزووتنەوەی میللی ـ دیموکراتیکی خەلکی کوردستانو ئەم کارە گەلەکەمان لە گەیشتن بە ئامانجەکانی نزیك دەکاتەوە.

❁❁❁

# ئەدەب‌و هونەر

## هەژاندنی هەستەکان‌و هەنگاوێك

ئامادە کردنی: دڵێر



دوای پێشـاندرانی فیلمی "کـاتێک بـۆ مەستیی ئەسـپەکان" لـە دەرهێنـانی بەهمەنی قوبـادی لە وڵاتـی ئیتالیـاو شـوێن دانەربوونی چیرۆکی دڵتەزێنی ئەم فیلمە لـە سـەر بینـەرانی، کۆمەڵێك لە دوکتورەکانی رێکخراوی پزیشکیی "ڤی پیچ" لـە ئیتالیا ـ کە لە مێژ ساڵە بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشـیەکانی منداڵانی هەژار لە سەرانسەری جیهان پێك هاتوە ـ بڕیاریـان دا بۆ چارەسەر کردنی"مادی" یەکێك لەو پێنج منداڵەی کـە لەو فیلمەدا ئێش‌و ئازارەکانیان پێشان دراوە، بۆ کوردسـتانی ئێران سەفەر بکەن‌و نە تەنیا بۆ چارەسـەر کردنـی "مـادی" کە پێویستی بە نەشتەگەریی بڕبڕەی پشت هەیە کار بکـەن، بەڵکوو بە دانانی نەخۆشخانەیەکی کاتی لە کوردستان دا، ئەو منداڵە هەژارانەی کە پێویستی‌یان بە کاری دەرمـانی هەیـە، چارەسەر بکەن.

"جۆزیف بیلانکی" بەرپرسی ئەم رێکخراوە پزیشکی‌یە لەم پێوەندی‌یەدا رای گەیاند کە نرخی بلیتی دیتنی ئەم فیلمە لـە نرخی ئاسایی خۆی زیاترەو سـەرجەم داهاتەکەشی خـەرجی چـوون بـۆ کوردسـتانی ئـێران دەکـرێ‌و ژمـارە حیسـابێکی بانکییش کراوەتەوە، تاکو خەڵکی ئیتالیا یارمەتی‌یەکانی خۆیان برژێننە ئەم ژمارە حیسابەوە. شایانی باسە کە ئـەم کۆمەڵـە خێرخوازە پێـک هـاتوون لـە: دوو دوکتـۆری نەشـتەرگەری، دوکتورێکی بێهۆشی‌و دوو پەرستاری شـارەزا کـە بـۆ مـاوەی دوو مانگ لە کوردستانی ئێران دا دەمێننەوە.

❀❀❀



## میدالی سەرکەوتن

ئاکۆ ئەلیاسی

سەدان ساڵە
خەبات‌و خوێن،
تێك شکان‌و راست بوونەوە
داکشان‌و هەڵچوونەوە،
لەگەڵ مێژووی کۆن‌و سەردەم،
لەگەڵ خوای شەڕ،
شەڕی بەدفەر،
لەگەڵ ستەم
دەستەو یەخەن

☆☆☆

سەدان ساڵە
بە فێل بە چەك
بە پیلان‌و درۆو ریا
سەنگەرەکان دەروخێنن
قەڵەمەکان تێك دەشکێنن

☆☆☆

سەدان ساڵە
لقە زەیتوون
چڵە نێرگز، دەسووتێنن،
دەیانەوێ،
داری سەوزی بیری ئازاد
بنە بڕکەن
رەگی شۆڕش لە بن بێنن
بەڵام کوانێ کێ دیتوویە
گەل ببەزێ، هیوا بمرێ
کێوی ورەی بڕوا بڕمێ
دەست لە خەبات هەڵ بگرێ؟!

☆☆☆

مێژوو دەڵێ: رۆژێ دادێ
رقی تۆڵەی
شارو لادێ
وەکوو سێلاو وەکوو لافاو
تێك دەخروشێ.
لقە زەیتوون، چڵە نێرگز
دەبنە خوێنی شادەماری
سووری خەبات.
دەنەخشێنن سینگ‌و باڵای
گەل‌و شۆڕش
وەکوو میداڵ
وەکوو خەڵات.

# شانۆ لە سەرەتاوە تا چڵەپۆپە

بەشی دووهەمو كۆتایی ===== وەرگێران لە فارسییەوە: هەژیر


## شانۆ مەزهەبییەكان

لە سەدەكانی نێوەڕاست دا، دێرام نووسین گەیشتە ئەوپەڕی خۆی و لە كلیسای ئورووپای ڕۆژئاواو لە جێژنەكانی "پاك"و ژانویەو لە كاتی بەڕێوە چوونی ڕێورەسمە مەزهەبییەكان دا، كورتەیەك لە ژیانی حەزرەتی عیسا دەكرا بە شانۆو دەهاتە سەر سەحنە.

لە سەرەتادا قەشەكان بەڕێوەبەریی ئەو جۆرە ڕێورەسمەیان بە ئەستۆ دەگرت، بەڵام پاشان كەسانێكی شارەزا ئەركی بەڕێوە بردنی ڕێورەسمو بەرنامە شانۆییەكانیان بە ئەستۆ گرت. دواتر هونەرمەندانی ئینگلیسیو فەرانسەیی دەست بە كار بوونو بە هەوڵی زۆر تێكۆشان هێندێك دێرام بكەن بە شانۆ. هەر چەند ئەوان ڕۆڵی كاڵو لاوازیان یاری دەكرد، بەڵام لە هەمان كات دا هەوڵیان دەدا لە كەم و كووڕییەكانی كەم بكەنەوە. لەو كاتە بە دواوە لە بریتانیا بایەخی زۆرتر بە شانۆنامە نووسین دراو هونەرمەندانی ئەم بوارە بۆ لابردنی كەمو كووڕییەكان دەست بە كار بوون. هەوڵەكانی ئەم ماوەیە بوو بە هۆی نمایش دانی شانۆی "ئیلیزابێتی" و پاشان بیرۆكەی دروست كردنی "سەحنە" بۆ شانۆكانی شكسپیر هاتە گۆڕێ.

## قۆناغی ڕۆنیسانس


لەگەڵ تێپەڕ بوونی سەدەكانی نێوەڕاست، شانۆ پێی نایە قۆناغی ڕۆنیسانسو لە ئازادی بیروڕا دەربڕین، ڕۆشنبیریی خەڵكو هۆگری چینە جۆراوجۆرەكان بۆ بەرەو پێشچوونی


مەسیح


خۆی كەڵكی وەرگرت. وردە وردە شانۆی مەزهەبی لە بیر چووەو بە تایبەتی لە ئیتالیا هونەرمەندانی لاو بۆ ڕزگار كردنی شانۆ دەست بە كار بوونو هاوكات لەگەڵ ئیتالیادا، لە ئەمریكاو ئیسپانیاش هێندێك جووڵانەوە بۆ شانۆی نوێ دەستی پێ كردو شانۆی ڕاستەقینە لە دایك بوو.

## شانۆ لە بریتانیا

بریتانیا مەكۆو سەرزەویی پەروەردەكردنی شانۆی پێشكەوتووی جیهانە. تەنانەت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆش دا ـ كە مەكتەبی جۆراوجۆر لە بواری شانۆنامەنووسیو لقەكانی پێوەندیدار بە شانۆوە سەریان هەڵ داوە ـ بریتانیا هەروا وەك سەرتۆپی شانۆی جیهان جێگایەكی بەرینی بۆ خۆی داگرتوە. شانۆی بریتانیا لە زەمانی ئیلیزابێتی یەكەم دا بە خێرایی بەرەو پێشكەوتن چوو، دەستەو گرووپی ئەكتەرانی لێهاتوو پێك هاتنو ئەم گرووپانە لە لایەن ئەشرافەكانەوە پشتیوانییان لێ كرا. ئەم هونەرمەندانە بە خەرجی خۆیان لە بریتانیادا دەگەڕان تا ڕێزو شكۆ بۆ خاوەنی شانۆكەی خۆیان بە دەست بێنن. ئەو كات شانۆنامە ئەخلاقی و پڕ هەراو هوریاكانیش بەڕێوە دەچوون. هەموو دەرهێنەرە لێهاتووەكانی شانۆو یەك لەوان شكسپیر لە لایەن دەربارەوە پشتیوانی دەكران.


گوته

پێویست بوو ئەكتەرەكانی ئەو كات سەرەڕای شمشێر بازیو "دلقك بازی" هێندێكیش بە زەوق و قسە خۆش بن. لەو ڕۆژگارەدا سەحنەكان، پێش سەحنەیەكیشیان هەبوو كە تا جێگەی بینەران دەهاتە پێش، بەشێك لە شانۆیەكە لەو شوێنەدا بەڕێوە دەچوو. ئەم بەشە بە "صحنە الیزابتی" ناودێر كرابوو. لەو كاتەدا كوڕان بە جێگەی كچان هونەریان دەنواندو ڕۆڵی ئەوانیان دەگرتە ئەستۆ. شكسپیری ئەكتەر، شانۆ نامەنووسو دەرهێنەری ناودار لە زەمانی ئیلیزابێت دا لە دایك بوو. جیهانی شانۆ تا ئێستا ئەكتەرو بە تایبەتی شانۆنامەنووسی وەك ناوبراوی بە خۆوە نەدیوە. هەر دێڕێك كە شكسپێر نووسیویەتی، مانایەكی قووڵی هەیە. هەر چەند كە ئەو زۆری نووسیوەو ئەو هەموو شانۆنامەنووسینە زیانی بە كارەكانی گەیاندوە.


شكسپير

هاملێت، ئەتێللۆ، تاجری وینزی، "مكبث"و .. . لە شاكارە بێ وێنەكانی ئەم شانۆنامەنووسە گەورەیەی جیهانن. لە لەندەن لە زەمانی ئیلیزابێتو جێمزی یەكەم دا شانۆ پێشكەوتنی بەرچاوی هەبوو. لە ساڵی ١٦١٦ی زایینی پێش لە مردنی شكسپێر شوێنی بەڕێوە چوونی شانۆكانی لەندەن هەمیشە پڕ بوون لە بینەرانی هۆگری شانۆ. خەڵكی بریتانیا ئیتر لەگەڵ شانۆ نامۆ نەبوون. ئەو هاندانو ڕێزنانەی بۆ دیكۆڕسازانو شانۆسازان هەبوو، بووە هۆی ئەوە كە هونەری ڕازاندنەوەی سەحنە پێشكەوتنێكی زۆر بە خۆیەوە ببینێ.

## شانۆی كلاسیكی نوێ

ساڵەكانی نێوان ١٦٥٠ تا ١٧٥٠ ی زایینی لە جیهانی شانۆدا بە دەورانی كلاسیكی نوێ ناودێر كراوە. لەم ساڵانەدا، كاری شانۆ بە گوێرەی ڕێوشوێنەكانی شانۆی كلاسیكی ڕۆم ڕێك دەخرا. لەو ساڵانەدا فەرانسە ئاڵا هەڵگری شانۆی جیهان بوو. لە سەدەی حەڤدەیەم دا نووسینی شانۆی كۆمێدی بایەخی زۆری پەیدا كردو نووسەرانی گەورەی وەك "ماكیاولی" و "برونوئاریستونۆ" دەستیان بە نووسینی شانۆ كۆمیدییەكان كرد. شانۆی كلاسیكی نوێ لە مەیدانی

کۆمێدی‌دا، پتر لە تراژێدی سەرکەوتوو بوو. "مولیێر" گەورەترین نووسەری کومێدیی کلاسیك لەو سەردەمەدا لە دایك بووو سالانیکی زۆر لەگەڵ گرووپەکانی خۆی لە سەرانسەری فەڕانسەدا گەڕاو بە کاری شانۆوە خەریك بووە،"لوویی چاردەیەم"یش لە هاندانی ئەودا نەخشی کاریگەری هەبوو. لە ماوەی ٧٥ ساڵ لە سەدەی هەژدەهەم دا پێشکەوتنی گرینگ لە شانۆی ئورووپایی‌دا بەدی هات.

## شانۆ لە رۆژهەلات دا

لە رۆژهەلات دا، شانۆ بە هۆی جۆراوجۆر پێشکەوتنی پێویستی بە خۆیەوە نەدیوە.



شانۆگەری "هاملێت" ئیتالیا

شەڕو کێشەکان و بیرو بڕوا مەزهەبی‌یەکان بوونەتە هۆی ئەوە کە شانۆ لە ئاسیادا زۆر درەنگتر لە ئورووپا سەر هەڵ بدا. لەگەڵ ئەوەش دا رۆژهەلات، لە بواری هەبوونی شانۆدا بێ مایە نیە.ئەوەتا لە رۆژهەلاتی دوور و چین‌و هێندوستان دا باشترین دێرامی کلاسیکی دنیا بۆ وێنە "شکونتالا" مان هەیە کە لە ئەدەبیاتی کلاسیکەوە سەرچاوە دەگرێ. لە چین، شانۆی سوننەتی لە دوای سەدان ساڵ بە دەست لێنەدراوی گەیشتۆتە ئێمە. لە هیندوستان‌و چین ئەکتەرەکان لە چینە ئاسایی‌یەکانی کۆمەڵ هەل دەبژێردران‌و زۆربەی کات لە ژێر سەرپەرشتی یەکێك لە ئەندامەکانی گرووپەکەدا ئەم شارو ئەو شاریان دەکرد. دێرامی کلاسیکی هیند لەگەڵ سەر هەڵدانی شانۆ نوێ‌یەکان لە بیر چۆوە، بەلام شانۆی سوننەتی چین بە یارمەتی وەرگرتن لە گریم‌و جلوبەرگی زیبی هەر وا هۆگرانی خۆی هەیە. لێرەدا دەبێ ئاماژەیەکیش بە شانۆی پڕ بایەخی "عروسکی" ولاتی ژاپۆن بکەین کە جۆرێك شانۆ سازی‌یەو لەو دا هەول دەدرێ"عروسك" (بووکەڵە)ەکان ئەوەندەی بکرێ بە قەرا ئینسانە ئاسایی‌یەکان بن.

## هێندێك لە شانۆ نامە ناودارەکانی جیهان

ئەتێللۆ، لیرشا، هات‌و هاواری زۆر لە پێناوی هیچ داو هاملێت(شکسپیر)، کێ لە وێر جینیاڤۆلف دەترسێ، داستانی باخی وەحش، زیندە خەون (رویا)ی ئەمریکایی (ئیدوارد ئەلبی)،"نفوس مردە"،(گوگول)، ماڵی بووکەڵە( خانە عروسك)، تارمایی‌یەکان(اشباح)، دوژمنی میللەت، مراویی وەحشی‌و کاتی لینا (هێنریك یووهان ئیسن)،وس لە ژێرداری نارەوەن، تاگگە ـ ئاو، بیابان(یوجین ئونیل)، مەلە کردنەکانی ڤینووس(راسین )، گورانیێژی تاس(ئووژن یونێسکۆ)، ئێرانی‌یەکان(ئەشیلۆس)،"سالومە" (ئوسکار وایلدا)، کالیگولا(ئالبێر کامۆ)، کلفەتەکان(ژان ژنە)، پشیلەی سەر شیروانیی داغ(سارتێر)، فاوست (گوتە)، ژاندراك (موریس متر لینگ)، کاری من(پرۆسپە مێریمە)، کاندیدا (بێرناردشۆ)، دوورخراوەکان(جیمز جۆیس)، ئایوا نۆف(ئانتوان چخۆف)، گەنجی پرمەترسی(پریستلی)، لۆتێر (جان ئازبرن)، ژیانی گالیلە(بێر تۆلت برێشت)، قوربانی(تاگوور)، سەرایدار(هاروودلنز)، ژنانی تراخیسی (سۆ فۆکول)، بە بێ کارلۆس(شیلێر)، باوك(ئیستریند بێرگ)، پیرەپیاو (گورگی)، زەماوەندی ئاغای میسی‌سی‌پی(فریدریك دورنمات)، تێروانینی ئیزیێل (ئارتور مێلێر)و . . .

## مەکتەبە ناودارەکانی شانۆ

شانۆی کلاسیك، شانۆی رۆمانتیك، شانۆی ئومانیست، شانۆی ریئالیست، شانۆی ناتورالیست، شانۆی میمیك، شانۆی ئیکسپێر سیونیسم، شانۆی دراماتیك، شانۆی ئیقرارو دەرچوون، شانۆی ئەمرۆیی‌و شانۆی مۆدێرن‌و . . . .

سەرچاوە:

گۆڤاری "کهکشان" ژمارە ٥٦

# کۆڕێك بۆ شێعر و چیرۆك خوێندنەوە



رۆژی دووشەمە ٢٨ی بانەمەڕی ئەمساڵ لە لایەن یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، کۆڕێکی شێعرو چیرۆك خوێندنەوە بۆ دوو لاوی دێموکرات، خەبات رەسوولی و سمایل شەرەفی لە ساڵۆنی کۆمیسیونی ئامووزشی حیزب پێك هات.

لەم کۆرە ئەدەبی‌یەدا کە ژمارەیەك لە ئەدەبدۆستان‌و ئۆگرانی شێعرو چیرۆك ئامادەی ببوون، خەبات رەسوولی دوو چیرۆکی خۆی بە ناوەکانی "نەبوون" و"لەخەونێکی خەوتووی خەودا" خوێندەوەو، پاش خوێندنەوەی شێعریکی خۆی بە ناوی "شێرپەنجە" و چیرۆکی "دوایین وانە" لە بەرهەمەکانی ئالفۆنیس دودە ـ کە لە فارسی‌یەوە وەری گێڕابۆوە سەر زمانی کوردی ـ باسێکی پێشکێش کرد لە سەر ئالبیرکامۆ کە تێی‌دا وێرای ئاوردانەوەیەك لە ژیانی کامۆ باسی رۆل‌و نەخشی کامۆ لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی‌دا کرد.

لە درێژەی ئەم بەرنامەیەدا هاوڕێ سمایل شەرەفی ژمارەیەك لە شێعرەکانی خۆی بە ناوەکانی "زات"، "شەوپەرستان"و "مرۆڤ زاتە" خوێندەوەو، پاشان باسێکی لە ژێر ناوی "کۆماری کوردستان‌و ئەدەبیاتی کوردی" پێشکێش کرد کە تێی‌دا باسی لە رۆل‌و کاریگەریی کۆماری کوردستان لە سەر ئەدەبیات‌و بەتایبەت شێعری کوردی کرد و ئەو سەردەمەی بە قۆناخێکی گرنگ لە سەر هەڵدانی شێعری نیشتمانی‌و ولاتپارێزی لە ناو شاعیرەکانی سەردەمی کۆماردا ناو برد.

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of
Democratic Party of Iranian Kurdistan

No:309 1 May 2001



له دەرەوەی وڵات بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ ڕۆژنامەی
**"کوردستان"**
لەگەڵ ئەم ئادریسەی خوارەوە پێوەندی بگرن:

AFK
B.P. 102- 75623 PARIS
CEDEX 13- FRANCE
Tel. 0033145856431, Fax. 0033145852093


## کۆتایی هاتنی
## دەورەی ١٣١ی سەرەتایی پێشمەرگە



ڕۆژی سێشەممە ٨٠/٢/٤ لە ڕێورەسمێکی تایبەتی کە لە فێرگەی سیاسی نیزامی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دا بەڕێوەچوو دەستەیەکیتر لە لاوانی بەهەستو نیشتمانپەروەر دوای تەواو کردنی ئامووزشی سەرەتایی سیاسیو نیزامی چەکی پێشمەرگایەتییان کردە شان.

ڕێورەسمەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" دەستی پێکردو پاش ڕاگرتنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزنان لە گیانی پاکی شەهیدانی حیزبو گەل، هاوڕێ عومەر باڵەکی ئەندامی کومیتەی ناوەندیو بەرپرسی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی پاش بەخێرهاتنی میوانەکان، وتارێکی بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرد. ناوبراو لە وتارەکەیدا وێڕای ئاوردانەوە لە هەلومەرجی ئەمڕۆی ئێران، لەسەر ئەرکی تێکۆشەرانی حیزبو پێویستیی خۆ ئامادەکردن بۆ شوێن دانان لە سەر ڕووداوو ئاڵوگۆڕەکان بەقازانجی بزووتنەوەی هەقخوازانە، دوا. دواتر ڕاپۆرتی ئامووزشیی فێرگە لە لایەن یەکێك لە مامۆستایانی فێرگەوە خوێندرایەوە. پاشان یەکێك لە هاوڕێیانی بەشداری دەورە بە نوێنەرایەتی لە لایەن سەرجەم بەشداربووانەوە پەیامی کۆتایی دەورەی پێشکەش کردو لە پەیامەکەی دا سوپاسی مامۆستایانی فێرگەی کرد بۆ ئەوەی کە لە ڕاهێنانو بارهێنانی ئەوان دا ماندوویی نەناسانە تێکۆشاون.

لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکەدا هاوڕێ محمد شهروان ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزب بە نوێنەرایەتی لە لایەن هەیئەتی کومیسیونی سیاسی ـ نیزامییەوە کە بۆ ئەو مەراسمە بانگهێشتن کرابوون ـ خەڵاتی بەسەر ژمارەیەك لە بەشدارانی دەورەکەدا دابەش کرد.

نێوئاخنی بەرنامەکان ئاهەنگو شێعرو گۆرانیی جۆراوجۆر بوون کە لە لایەن بەشدارانەوەو بە هاوکاریی کۆڕی هونەریی حیزب بەڕێوە چوون.

لە کۆتایی ڕێورەسمەکەدا داوا لە میوانەکان کرا پاش چاوپێکەوتنی کورتە شانۆیەکی کومێدی کە لە لایەن بەشدار بووانەوە ئامادە کرابوو، سەردانی پێشانگای خۆشنووسیو تەراحی بکەن کە لە لایەن دوو کەس لە هاوڕێیانی بەشدار بووی دەورەکەوە ئامادە کرابوو.

## پیرۆز بێ
## یەکی مانگی مای
## ڕۆژی جیهانیی کرێکاران

ژمارەی ئەمجارەی "کوردستان" لە نێو زایەڵەی سروودی ئەنتێرناسیۆناڵداو لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرکەی شۆڕشگێڕانەو دروشمی حەقخوازانەو دژ بە چەوسانەوەی کرێکاران، دەگاتە دەستی خوێنەران. بەبۆنەی ڕۆژی هاوپێوەندیی جیهانیی کرێکارانەوە سڵاو بۆ کرێکارانی جیهان بەگشتیو ئێرانو کوردستان بەتایبەتی، دەنێرینو لە قووڵایی دڵمانەوە پیرۆزباییان لێ دەکەین.

چینی کرێکاری وڵاتەکەمان بە کۆمەڵێك ئەزموونو بە ڕابردووی پڕاوپڕ لە خەباتو تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەو خۆڕاگریو فیداکاریی لەپێناوی سەرخستنی شۆڕشی پڕشکۆی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا، جارێکی دیکە سەلماندی کە دەتوانێ وەك چینێکی خەباتکارو شۆڕشگێڕ نەخشێکی چارەنووسازی لە خەباتی گەلانی وڵاتەکەمان دا هەبێ. کرێکارانو زەحمەتکێشانی وڵاتەکەمان لەماوەی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی ئیسلامییش دا بەشیان هەر ستەمو چەوسانەوە بووە، بۆیە ساتێك لە خەباتو بەربەرەکانی بەدژی سیاسەتەکانی دژی کرێکاریی ڕێژیمی دەسەڵاتدارو چەوسێنەرانو زەوتکەرانی مافەکانی خۆیان، دەستیان هەڵ نەگرتوە. خەباتی ئەوان لەو ماوەیەدا بەشێکی سەرەکیو گرنگ بووە لە بزووتنەوەی سەرانسەریی خەڵکی وڵاتەکەمانو گومانمان نیە لە ئاکامی پێوەندیی نەپچڕاوو بەردەوام لەگەڵ ئەو بزووتنەوەیەدا، بە ئامانجە ڕەواکانی دەگا.

**بە هیوای ئەو ڕۆژەو**
**بەئاواتی بەرەوپێشچوونی ڕۆژ بەڕۆژ زیاتری خەباتی کرێکاران**

**بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بڕوانە ئەم لاپەڕەیەی ئینتێرنێت:**

http: // W W W. Pdk- iran. 0rg
e- mail: pdkiran @ club- internet. fr

**بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێمۆکرات و پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین**